# نوگرەسەلمان

Nugireseselman

CHAK

بڵاوکراوەیەکی ساڵانەی تایبەت بە یادی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال، ڕێکخراوی چاودێریی کوردۆساید/ نووسینگەی باشووری کوردستان دەریدەکات ژمارە (٧) ٢٠١٢/٤/١٤


# کوردۆساید مەراسیمێکی ڕێزلێنان بۆ(١٠)رزگاربووەکەی گۆڕبەکۆمەڵەکانی ساز دەکات

لە یادی (٢٤)مین ساڵیادی کارەساتی ئەنفالـــدا، ڕێکخـــراوزی چـــاودێری کۆردۆسـایـد ــ چـاك، مەڕاسـێمێکی ڕێزلێنـــان بـــۆ (١٠) شـــایتحاڵە رزگاربووکـەی پرۆسـەکانی ئـەنفال ئەنجام دەدات.

لـــەو مەڕسـیمەدا، کـــە ڕۆژی (٢٠١٢/٤/١٤) لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە شارۆچـکەی چەمـچەماڵ بـەڕێوە دەچـێت، ڕێکخـــراوزی چـــاودێری کۆردۆسـایـد ـــ چـاك، ڕێزلێنـان دەبەخشێتە ئەو (١٠) شایتحاڵەی کە لـە پرۆسـەکانی ئەنفالـدا رزگاریـان بـــووە، وەك ڕێزلێنانێـــك بـــۆ قوربانیدانیان.

ئەحمەد مەجید بەرپرسی نوسینگەی باشوری ڕێکخراوەکە ڕایگەیاند:"ئێمە ئەمـسال خـەڵاتی ئـەو (١٠) کەسـە دەکەین، کە لە گۆڕە بە کۆمەلـەکان رزگاریـــان بـــووە، هـــەروەها تاجەگوڵێنـەش لەسـەر گۆڕەکـان دادەنین"، ناوبراو ئاشکراشیکرد:"لـە ڕۆژی (١٥) مانگـدا کـە بڕیـارە مەراسـیمێك لـە گۆنـدی دێبنـە لـە ناحیـەی رزگـاری لـە کـەلار ئـەنجام بدرێت، ئێمە وەك چاك بەشداری ئـەو مەراسیمەش دەکەین و ئەندامانمان لە لیژنـــــەی ئامادەکـــــاری مەراسیمەکەدان".

بە شـانازییەوە وەکـو ئـەرکی خـۆمـان بەشداری لـەو مەراسیمەدا دەکـەین و کەسـە دەکـات کـە لـە گـۆڕە بـە کۆمەلەکان رزگاریان بووە« وەك شایانی باسە ڕێکخراوی کوردۆ ساید ـ چاك نوسینگەی باشوری کوردستان، هـــەموو ســـاڵێك بەشـــداری مەراسـیمەکانی یـادی ئـەنفال و هەڵەبجـە دەکـات و ئەمـساڵێش بـە هەمان شێوە لە چەمچەماڵ و کـەلار و کەرکوك بەشداری ڕێورەسمی ئـەنفال دەکات.

## لە دوای بەڵێنی دوو وەزیر و دانانی بەردی بناغەکەی

## پڕۆژەی دروستکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە کفری هەڵدەوەشێنرێتەوە

**شەماڵ ڕەئووف**

دوای ئەوەی لە (٢٠٠٨/٧/٢) لەلایـەن (چـنار سـەعد) وەزیـری پێـشووی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانـەوە بـــەردی بناغـــەی دروســـتکردنی مونـومینتی ئـەنفال لـە شارۆچـکەی کفری دانرا، بـەلاَم تـا ئێستا دروَسـت نـەکراوە، و بەڕێوەبـەری پلانـدانانی ئـەو وەزارەتـەش رایدەگـەینێت:"کـە ئەو پرۆژەیە ڕەفز کراوە".

حەسەن عـەلی بەرپرسـی نوسینگەی کفـری کۆمەڵـــەی داکـــۆکی مـــافی قوربانیـــــــان و کەســــــوکاری ئـــەنفالکراوەکانی گـــەرمیان لـــە لێدوانێکیـــدا بـــۆ نوگرەســـەلمان رایگەیانـد:"مـاوەی چـەند سـاڵێکە بەردی بناغەی مۆنیومێنتی ئەنفال لە شارۆچـــکەی کفـــری دانـــراوە، دوای ئـــەوەی چـــەندینجار ســـەردانیکردنی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ دروستکردنی ئـەو مۆنۆمێنتـە، بـەلاَم هەوڵەکان بێ سوود بووە"، حەسـەن عەلی ئەوەشی ئاشکراکرد:"سەرباری ئـــەوەی لەلایـــەن وەزیـــری نـــوێی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانەوە ئـــەو بەڵێنـــە دووپـــات کرایەوە، بەلاَم هـیچ بـەڵێنێك بەسـەر نەبراوە و تەنها قسەیەو هیچی تر".

هاوکـــات ســـەبریە نـــادر عـــەلی بەڕێوەبـەری پلانـدانان لـە وەزارەتـی شەهیدان و ئەنفالکراوان سەبارەت بە مونـومینتی کفـری وتـی:" لـە سـاڵی (٢٠١١) بڕیارێك دەرچوو، کە هەرچی مونومینتێك بەردی بناغەی دانـراوە و تـا ئێـستا دروسـت نـەکراوە ڕەفـز بکرێتـەوە، لـەجیاتی ئـەوە بکرێتـە خـانوو بـۆ کەسـوکاری ئـەنفالکراوان، چـونکە چـەند مینومێنتێـك لـە گـەرمیان هەیـە و لـە ئێـستادا ئـەوە گرنگ نییە".

شـایانی باسـە شارۆچـکەی کفـری یەکێکـە لـەو شارانەی کـە ڕێژەیـەکی زۆر کەسـوکاری ئـەنفالی تێدایـە و یەکێکـە لـەو شـارانەی کـە بەتـەواوی پـشتگوێ خـراوە، ئـەم بڕیـارەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانیش هێنـدەی تـر دانیـشتوانی شـارەکە دڵگران کردووە.



## بۆ یەکەمجار لە گوندی تۆپزاوی شاری

## کەرکوك یادی ئەنفال دەکرێتەوە

بۆ یادی (٢٤)مین ساڵیادی کارەساتی ئـەنفال، بەڕێوەبەرایـەتی شـەهیدان و ئـەنفالکراوانی کـەرکوك بـە هاوکـاری ڕێکخراوەکـانی شـارەکە بـۆ یەکـەمین جار مەراسێمێك لە گونـدی تـۆپزاوەی شاری کەرکوك ئەنجام دەدەن.

وابڕیارە کاتژمێر (١٠)ی بـەیانی ڕۆژی پێنچ شەممە (٢٠١٢/٤/١٩) لە گونـدی تۆپزاوەی شاری کەرکوك، مەراسیمێك لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی شـەهیدان و ئـەنفالکراوانی کـەرکوك بـە هاوکـاری ڕێکخراوەکـانی شـارەکە، لـە هـۆڵی سجنەکانی تۆپزاوەی شاری کـەرکوك ئەنجام بدرێت.

لـــەو مەڕاسـیمەدا پێـشەنگایەکی فۆتۆگرافی نمایش دەکرێت و هاوکات لەلایـەن بەشـداربووان تاچـە گوڵێنـە دادەنرێت، ئەمە و چەند چالاکییەکی دیکـە بڕیـارە لـەو مەڕاسیمە نمایش بکرێت.

ئەمـــە و ڕێکخـــراوی چـــاودیری کوردۆسـایـد ـ چاك یەکێکـە لـەو ڕێکخراوانـەی بەشـداری ئـەو یـادە دەکات.

## بەبێ بەڵێنامەی ئەستۆپاکی ئەو پارتانەی کە تاوانبارانی ئەنفال لە ریزەکانیاندان

## بەیاننامەکانی (٤/١٤)یان پوچ و بێمانایە

کەمپینێك بۆ بایکۆتکردنی ئەو پارت و لایەنە سیاسیانە کە تاوانبارانی ئـەنفال لە ریزەکانیـادان دروسـت دەکرێـت و لـە روونکردنەوەیەکیـشدا، ئـەو کەمپینـە رایدەگەیـەنێت بـەبـێ بەڵێنامـەی ئەستۆپاکی، هەر لایەنێکی سیاسی لە بـوونی تاوانبـارانی ئـەنفـال لـە ریزەکانیانـدا، بـەیاننامـەکانی (٤/١٤)یان پوچ و بێمانایە.

ئەو کەمپینە کە بۆ ماوەی یەك هەفتە زیاتر دەبێت دروستکراوە و ئامـانج لە دروستکردنی بـایکۆتکردنی ئـەو لایـەن و پارتـە سیاسـیانەیە کـە تاوانبـارانی جینۆسـاید و بـە تایبـەت ئـەنفال لـە ریزەکانیاندا بوونی هەیە. لە لایـەکی دیکـەوە دوای چـەند رۆژێـك لـە دروســـتکردنی ئـــەو کەمپینـــە، دامەزرێنـــەرانی ئـــەو کەمپینـــە رایدەگەیـەنن، کـە بـەبێ بەڵێنامـەی ئەستۆپاکی، هـەر لایـەنێکی سیاسی تاوانبـارانی ئـەنفال لـە ریزەکانیانـدا بـوونی هەیـە، بـەیاننامـەکانی (٤/١٤)یان پوچ و بێمانایە.، هاوکات ئەوەشیان خستۆتە روو:"مایەی شـەرمە لایـەنێکی سیاسی تاوانبـارانی ئـەنفال و جینۆساید لە ریزەکانیدا بێت، چاوقایمانە مزایـەدە بـە ئەنفالـەوە بکـات و بـەو بۆنەیەوە بەیاننامە دەربکات.

## زیاتر لە (١٠٠٠) بیانی و هەر دوو گروپی ئەننانیۆسی هاکەر و داگیرکردنی هیومان

## رایت وۆچ پشتیوانی لە چاودێری کوردۆساید دەکەن بۆ دادگایی تاوانبارانی ئەنفال

تائێـستا زیـاتر لـە (١٠٠٠) کـەس کـە زۆربەیان بیانی و چالاکڤانی سیاسی و مافی مرۆڤن لە سەرتاسـەری جیهانـدا، کـە لـە نیویانـدا هـەردوو گروپـی ناسراوی جیهانی گروپی ئـەنـەنۆسی هاکـەرو ئـەکـۆپی هیومـان رایـت وۆچ هەیە، پشتیوانیان لـە بانگـەوازەکـەی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید، بـۆ رزگارنەبوونی تاوانبارانی جینوسایدی کورد لە سزادان کردووە.

لەو هەڵمەتەدا کە ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید دژ بـە جێبـەجێنـەکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکـان و داڵدەدانی تاوانبارانی ئەنفال، لەلایەن هـــەنـدێك وڵاتـــی ئـــەوروپیـــەوە، هەڵمەتێکی بەرفراوانـی کۆکردنـەوەی پـشتیوانی دەسـتپێکرد، تـا ئێـستا زیاتر لـە (١٠٠٠) کـەس کـە زۆربـەیـان بیـانی و چـالاکڤانی سیاسـی و مـافی مـــرۆڤن لـــە سەرتاســـەری جیهـــان پـــشتیوانیان لـــە بانگـــەوازەکـــەی ڕێکخـــراوی چـــاودێری کوردۆســـاید کردووە، بۆ رزگارنەبـوونی تاوانبـاران لە سزادان و لە ریزی پشتیوانیکەراندا هـــەردوو گروپـــی ناســـراوی جیهـــانی گروپی ئەنـەنۆسـی هاکـەرو ئـەکـۆپی هیومـــان رایـــت وۆچ و چـــالاکڤانانی ناســـــراوی دژ بـــــە جینۆســـــاید و پـاریزەرانی مـافی مـرۆڤ لـە جیهانـدا هەیە.

لینکـــی واژۆکـــردن و لایککردنـــی داخوازییەکە:

http://www.gopetition.com/petitions/support-to-take-genocide-committed-to-justice.html

دەقی بانگەوازەکە:

**تاوانبـــارانی جینۆســـایدی گـــەلـــی کوردستان نابێت لـە سـزا رزگاریـان بێت**

**بـــۆ ســـەرجەم ڕێکخـــراوەکـــانی تایبـەتمەنـد بـەپرسـی دادگـایی تاوانبـارانی جـەنگ و تـاوانی دژ بـە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا**

هـــەرچـــەنـــدە ئێمـــە پێمـــان وابـــوو تاوانبـارانی جینۆسـاید لـە عێـراق لـە دادگایەکی نێو نـەتـەوەییـدا دادگـایی بکرابا، بۆ ئـەوەی بڕیارەکـانی دادگـا رەهەندێکی نێو نەتەوەیـی هـەبوایا و بە پێوەرە جیهانییەکان، حەقیقـەتـی تاوانەکان بسەلمێنرایە و سزاکانیش وەك خۆیان جێبەجێبکرابایە، چونکە رزگارنـەبـوونی تاوانبـاران لـە سـزا ڕێگایـەکـی لـەبـارە بـۆ دووبـارە نەکردنەوەی ئەم تاوانە گەورانە.

لـە یۆلیـۆ (٢٠٠٧)ەوە دادگـای بـاڵای تاوانـەکـانی عێراقـی بڕیـاری گـرتن و دادگـــاییکردنی (٤٢٣) تۆمـــەتباری دەرکـردووە، جـارێکی دیکـە دادگـای باڵای تاوانەکان بە بڕیـارێکی نـوێ لـە بـەرواری (٢٠١٠/٨/١٠) بـەژمـارەی (رس/٨٣/١٠) بڕیاری دەستگیرکردنی (٢٥٨) تۆمەتباری دەرکردووە، کە لە سنووری هەرێمی کوردسـاندا دەژێـن، هەرچەندە هـەنـدێك لـەو تۆمەتبارانـە ئێستا لە وڵاتانی ( هۆلەندا ، ئاڵمانیـا ، نەمسا ، سویسرا ، بەریتانیا ... هتد) نیشتەجێن.

ئێمـە لێـرەوە داوا لـە بـەڕێزتـان دەکەین:


١ـ پشتیوانی بکەن لە دادگاییکردنی سەرجەم ئەو تۆمەتبارانە، بۆ ئـەوەی تاوانباران سزا بدرێن و بێ تـاوانیش بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا.

٢ـــ داوا لـــەو وڵاتانـــە بکرێـــت کـــە تاوانبـــاران و تۆمـــەتباران لـــە وڵاتـەکانیـان نیـشتەجێن، نابێـت وڵاتـانی دیموکراسـی ببێتـە ناوچـەی ئـارام و پـارێزەری تۆمـەتباران و تاوانبـاران جینۆسـاید، ئـەرکی ئـەو وڵاتانەیـە دادگـایی ئـەو تۆمـەتبار و تاوانبارانە بکەن.

لـە کۆتایـدا سوپاسـی پـشتیوانیتان دەکـەیـن و ئامـادەی پێـدانی هـەر بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتێکین.

ڕێکخـراوی چـاودێری کوردۆسـاید ـ چاك

ئەم نووسراوەی خوارەوە بڕیارێکی دادگایە بۆدەستگیرکردنی قاسم ئاغای کۆیە، بەڵام تا ئێستا دەستگیرنەکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەسەڵاتی جێبەجێکار لە هەرێمی کوردستان بڕیارەکانی دادگا جێبەجێ ناکات.



بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق

وەزارەتی داد

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر

دادگای: ..........

ژمارەی: ..........

ڕێکەوت: / / ٢٠٠.

یاداشتی دەستگیر کردن

لەسەرتان پێویستە و ماوە دراون تۆمەتبار دەستگیر بکەن و دەست بەجێ لامان ئامادەی بکەن، چونکە بە پێی ئەو سکالای لە بنکەی پۆلیسی ( نوسینگەی کۆشتن ) دژی تۆمار کراوە، تۆمەتبارە.

١. ناوی تۆمەتبار: قاسم فارس عفوری ناسراو بە قاسم آغای کویە

٢. دانیشتووی: ..........

٣. پیشە: ..........

٤. جۆری تاوان و ماددەی یاسایی: ..........

٥. نیشانەکانی: ..........

دادوەر

مۆری دادگا

# دەقی بەیاننامەی ڕێکخراوی چاودێریی کوردۆساید - چاك بۆ یادی (٢٤)مین ساڵیادی کارەساتی ئەنفال




بۆ/
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وزیران حکومەتی هەرێمی کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان
- ڕای گشتی

**یاداشتنامەی چاودێری کوردۆساید بە بۆنەی (٤/١٤) ڕۆژی کارەساتی ئەنفال**

ئاشکرایە ٢٤ ساڵ بەر لە ئێستا ڕژێمی بەعسی لەگۆرنراو تاوانێکی گەورەی وەك (ئەنفال)ی دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجامدا، کە تێیدا (١٨٢) هەزار مرۆڤی بێتاوانی گەلەکەمان بوونە قوربانی، ئێستا کە ئەو ماوەیە بەسەر ئەو تاوانە گەورەیەدا تێپەریوە، هێشتا برینی کەسوکاری ئەنفالکراوان سارێژ نەبوتەوە، بەداخەوە هەموو (٤/١٤)ێك برینەکانی ئەنفالیان دەکولێتەوە.

ئێمە وەك ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید ـ چاك وێڕای ئیدانەکردنی ئەو تاوانە، سەری ڕێز و نەوازش بۆ قوربانییانی دادەنەوێنین و داواکارین لە سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم دەکەین، کە:-

١- بەزووترین کات تۆمەتبارانی کەیسی جینۆساید بەتایبەت ئەنفال ڕادەستی دادگا بکرێن، بە تایبەت ئەو (٢٥٨) تۆمەتبارەی کە ناویان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کراوە، بە پێچەوانەوە، ئێمە ناچار دەبین سەبارەت بەم کەیسە پەنا ببەینە بەر دادگای نێودەوڵەتی.

٢- کاری جددی و کرداریی بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانە گەورەیە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بکەن.

٣- ڕوفاتی پیرۆزی سەرجەم قوربانییەکانی گۆرە بەکۆمەڵەکانی، کە تائێستا دۆزراونەتەوە بگەڕێنرێتەوە ناو کەسوکارو خاکی نیشتمانیان.

٤ـ پرۆسەی ئەنفالەکان بە ئاستی گەورەیی ئەو تاوانە بخرێتە ناو بەرنامەی خوێندن لەلایەن هەریەك لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە.

٥ـ بەدۆکیۆمێنتکردنی ئەو تاوانە بە شێوەیەکی زانستیانە لە ڕێگەی وتەی شایەتحاڵەکان و بەڵگەنامەکانەوە.

٦- سەرجەم ئەو کەسانەی لە مەرگەساتی کوشتن و گۆرەبەکۆمەڵەکانی ئەو پرۆسەیە ڕزگاریان بووە، بەوانەشەوە کە لە هەندەرانن، وەك سیمبوڵی تاوانەکە و شەهیدی زیندوو ژیانێکی تایبەتییان بۆ دروست بکرێن لە ناو هەرێمی کوردستاندا.

٧ـ ناوەندی چارەسەری دەرونی لە ناوچە ئەنفالکراوەکاندا بکرێتەوە بۆ کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالکراوان.

٨ـ هەرچی زووتر قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی کەسوکاری قوربانییان لەلایەن حکومەتی هەرێم و عێراقەوە، تا ئەو کارەش جێبەجێدەکرێت، پێویستە ئەو خێزانانەیان کە دەستکورتن لە باج و خەراجی حکومەت ببەخشرێن.

٩ـ هەمارکردنەوەی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی کۆمەڵکوژییەکان بە بەرژەوەندی ئەوان.

١٠- دانانی وێنەی سیمبولەکانی هەڵەبجە و ئەنفال لەسەر دراوی عێراقی لە لایەن بانکی ناوەندی عێراقەوە.

**ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید-چاك**
**نوسینگەی باشوری کوردستان**
**٢٠١٢/٤/١٤**

# کۆمەڵکوژیی و بێلایەنی

**ئاراس فەتاح**

لە دونیای جەنگدا بێلایەنیی دۆخێکی نامۆیە. جەنگ بێلایەنیی قبوڵناکات. لەم دونیا شەڕانگیزەدا دەبێت سەر بە لایەنێك بیت، دەبێت لەپێناو لایەنێکدا بکوژیت و بکوژرێیت. هەموو ئەوانەی چەکیان بەدەستە سەر بە لایەنێکن و لەپێناو لایەنێکیشدا دەکوژن و دەکوژرێن. سەرەڕای ئەم واقیعە گشتگەرایەی جەنگ، تەنها بوونێکی بێلایەن هەبێت قوربانییەکانی جەنگە. لە دونیای جەنگ و کۆمەڵکوژیدا تەنها کوژراوە مەدەنییەکان و دەربازبووەکان سەر بە هیچ لایەنێك نین. قوربانییەکانی ئەنفال و هەڵەبجەش سەر بە هیچ لایەنێك نەبوون، بەڵکو خەڵکی بێچەك و مەدەنی بوون" منداڵ، ژن، پیاو، گەنج و پیر، نەخۆش و کەنەفتەکانی ناو شارۆچکە و گوندەکان بوون. بێگومان لە تێڕوانینی بکەرانی تاوانەکاندا کۆکردنەوە و ناردنی ئەم گروپە لە خەڵکی مەدەنی بۆ شوێنی نادیار و پاشان گۆڕوونکردنیان، پابەندی ئەوە نییە کە سەر بەلایەنێکن، چونکی لەجەوهەردا خەڵکە مەدەنییەکە خودی خۆیان لایەنن و ئەو ئامانجەن کە دەبێت لەناوببرێن. بەمانایەکی تر ستراتیژی پرۆسەکە، کۆکردنەوە و لەناوبردنی ئەم گروپەیە لە ئینسان کە هێزە تۆتالیتێرەکان لە هەموو دونیا دەیانکەن بە ئامانج .

گەورە نازی ئەڵمانی «هیملەر» لەکاتی بڕیاردانی لەناوبردنی جووەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپادا دەڵێت: ,,ئێمە ڕووبەڕوی پرسیارێك بوینەوە: چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان و منداڵاندا بکەین؟ من بڕیارمدا لێرەشدا چارەسەرێکی زۆر ڕوون بدۆزینەوە. من خۆم ئەوەم بە ڕەوا نەدەزانی کە پیاوان لەناوبەرین، بیانکوژین یان بەکوشتیانبدەین، بەڵام ڕێگەبدەین منداڵەکانیان وەکو تۆڵەسێنەر لە کوڕەکانمان و منداڵی منداڵەکانمان گەورەببن. بۆیە دەبایە ئەو بڕیارە قورسە بدرێت، ئەم نەتەوەیە لەسەر ڕووی زەوی بسڕینەوە." ئەم لۆژیکە شەڕانگیزە لۆژیکی هەموو هێزە تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەم بوو کە کردەی کۆمەڵکوژییان وەکو مۆدێلێکی ڕێگاچارەی سیاسیی داهێنا. نابینایی لە ئاست بێلایەنیی مەدەنییەکاندا، با ئەو کەسانە خەڵکانی بێچەك و منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتەش بن، ئەو چاویلکەیەیە کە ئایدیۆلۆژییە تۆتالیتێرەکان دونیای پێدەبینن. لە دونیای ئایدیۆلۆژییە تۆتالیتێرەکاندا کۆمەڵگا ڕووبەری جەنگە و لە جەنگیشدا دوو بەرە هەیە، یەکەمیان دوژمنە و ئەوی تریشیان دۆست. جەنگ بۆ بەعسیزمیش، وەکو سیستەمێکی تۆتالیتێر، تەنها مانای کوشتن و لەناوبردنی دۆژمنەکانی نەبوو، بەڵکو جەنگ ئەو فەزایە بوو کە ,,دوژمن" و ,,دۆست"ی لەیەکتر جیادەکردەوە و زەمینەی لەناوبردن و وێرانکردنیانی خۆشدەکرد. هەر ئەم دۆخەشە وادەکات کە ئێمە لەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بگەین کە بەعس دروستیکردبوو، واقیعی جەنگی بەردەوام و بەرهەمهێنانی دۆخی نائاسایی بەردەوام. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ئامانجی سەرەکیی هەموو ستراتیژێکی کۆمەڵکوژی لەجەوهەردا لەناوبردنی خەڵکی مەدەنییە نەك چەکبەدەست و پارتیزانەکانی ئەو گەلە. عەلی حەسەن مەجیدیش لە ١٥ نیسانی ١٩٨٨دا دەڵێت: ,,لەمڕۆوە دروشمەکانمان دەبێت بریتیبن لە لەناوبردن، وێرانکردن و تێکشکان".

لۆژیکی مەدەنی و عەقڵانیی بە ئێمە دەڵێت خەڵکی مەدەنی نابێت ببن بە بەرەیەك لە جەنگ و ئامانجی سەربازییدا. لە ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتێرەکاندا ئەم لۆژیکە تەواو بەپێچەوانەوە ئیشدەکات. لە تێگەشتنی ئەم ئایدیۆلۆژیایەدا شتێك نییە بەناوی مەدەنییەوە" ئەوەی هەیە بریتییە لە ئامانجی جیاجیای سەربازی و پرۆژەی تایبەتی لەناوبردن و چەشنی ڕێکخستن و پیادەکردنی. کاتێك ئەو خەڵکە کۆدەکرێنەوە بۆئەوە نییە بۆ شوێنێکی تر ببرێن کە سەلامەتتر و باشترە لەوەی خۆیان، ئەم خەڵکە تاوانبارن بەبێ ئەوەی بزانن تاوانەکەیان بەتەواوەتیی چییە. کە سزاشدەدرێن، وەحشەتناکترین سزایان بەسەردا تاقیدەکرێتەوە، لەوێنەی گازبارانکردن. جووەکان دەبران بۆ حەمامکردن و لەبری ئاو گازبارانیان دەکردن. لە کوردستانیشدا یەکەمجار بوو کە لە فڕۆکەکانەوە بۆمب بەسەر خەڵکی مەدەنیدا فڕێبدرێت و گڕدار و پارچەدار نەبێت، بەڵکو بۆمبەکان تەنها دوکەڵ بن، بۆنبۆگەن بن ڕەنگ زەد و سپی بن. لەسەردەمی نازییەکاندا یەکێك لە بەرپرسەکانی گازخانەکان «دکتۆر بێك» لە ڕاپۆرتێکیدا دەنووسێت: ,,لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان بۆدەرخستم کە چەشنی بەکارهێنانی گازەکە دروستنەبووە، چونکی لەبری ئەوەی مردنێکی ئارام و خێرا دروستبکات، بووەتە هۆکاری خنکاندن و دواکەوتنی مردنی بەندییەکان." ئەمە تاکە خەمێکە کە بکوژێکی کۆمەڵکوژیی هەیبێت" خەمی چەشنی کاریگەریی «effectiveness»کردەی کوشتنە. عەلی حەسەن مەجید ئەم خەمەشی نەبوو، ئەو دەیگوت: ,,هەموویان بە غازی کیمیاوی دەکوژم.. ئەوەندە گازی کیمیاییان بەسەردا دەکەم کە ئوتۆمبیلەکانی خوداش فریای گوستنەوەیان نەکەوێت".

پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، پرۆسەی کوشتنی نەوەکانی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێمەیە، هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی یادەوەرییان و لەناوبردنی وەچەکانیان بۆئەوەی نەبن بە گرفت بۆ نەوەکانی داهاتووی تاوانکاران و ,,تۆڵە"یان لێنەسەننەوە. خەڵکی کورد بەگشتی و هەڵەبجەیی و دەربازبووانی ئەنفال بەتایبەتی تاوەکو ئەمڕۆ چاوەڕوانی ڕێزگرتنی شایستەن لە قوربانییەکانیان و وەرگرتنەوەی لانی کەمی ,,تۆڵەی یاسایی" لە بکوژەکانیان. هەربۆیە یەکێك لە ڕەهەندە گرنگەکانی گەڕانەوەی ڕێز و ماف بۆ قوربانییان مانای گەڕانەوەی بێلایەنیبوونیانە لەجیهاندا لە ڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە. لێیانگەڕێین و وەکو خۆیان قبوڵیان بکەین و وەکو خۆیان ڕێزیان لێبگرین" ئەوان شەهیدی هیچ لایەنێکی سیاسی نین و هیچ هێزێکیش نییە قەرەبووی کوشتنیان بکاتەوە. هەموو بەحیزبیکردن و بەئایدیۆلۆژیکردنێکی هەڵەبجە و ئەنفال و کردنیان بە کەرەسە و پروپاگەندەی سیاسیی، مانای شێواندنی وێنە ئینسانییەکانی خودی قوربانییان و گەمەکردنە بە ژانی دەربازبووان و خراپبەکارهێنانیانە لەڕووی میدیاییەوە. هەربۆیە من وایدەبینم لەجەوهەردا ئەوە لایەنی تاوانکارە کە ڕەهەند و مانایەکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی بە کوشتنی منداڵان و ژنان دەدات، نەك لایەنە سیاسییەکانی بەرەی قوربانیی. قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە مردووی ئاسایی نین، بەڵکو کوژراوی کردەیەکی دڕندانەی ناوێزەن و ڕێگەمان پێنادەن بکرێن بە حیکایەتی یەك حیزب یان دووان. حیکایەتی ئەنفال و هەڵەبجە بۆئەوە نییە حیکایەتەکانی تر بشارێتەوە. حیکایەتی کۆمەڵکوژی چیرۆکی هەموو مرۆڤایەتییە. چیرۆکی هەڵەبجە و ئەنفال، چیرۆکێکە کە کەس ناتوانێت بەناویەوە داوەری بکات و کەسیش بۆی نییە بەناویەوە لەکەسی تر خۆشبێت. هەڵەبجە و ئەنفالیش وەکو هۆلۆکۆست شایانی لێخۆشبوون نین.

ئێمە ناتوانین بە یادکردنەوەی مردووانەی حیزبیی ڕێگا لە دووبارەبوونەوەی هەڵەبجە و ئەنفال بگرین، بەڵکو تاکە ڕێگایەك بریتییە لە تێگەشتن لە ڕەهەندە قوڵەکانی ئەم تاوانە و کردنێتی بە بەشێك لە هۆشمەندی نەتەوەیی و ئینسانیمان. ئێمە ئەزموونێکمان لەگەڵ کۆمەڵکوژیدا کرد و قۆناغێکی ترسناکمان لە وەحشەت بڕی. ئەم ئەزموونە پێویستی بەوە نییە بە مردوویی یادبکرێتەوە، ئەم قۆناغە پێویستی بەوە نییە بەبێ ڕازیبوونی دەربازبووانی لە یادەوەریماندا ئامادەبکرێتەوە، پێویستی بەوە نییە پرسەی ساردوسڕی بۆ بگێڕدرێت. ئەوەی ئێمە و نەوەی داهاتوو پێویستمانە تاقیکردنەوەیەکی ترە لە ئاستی بیرکردنەوەدا" تاقیکردنەوەی تێڕامان و تێگەشتنە لەو پرۆسە مێژووییە و کردنێتی بە بابەتی بەخۆداچوونەوە و بەرپرسیارێتی و بە هوشیارییەکی مەدەنی کە ژیان دروستبکات و ڕێزی لێبگرێت. ئەمە سەرەتایەکە بۆ ڕێگاگرتن لە هەموو چەشنە دووبارەبوونەوەیەکی تری کولتوور و کردەی کۆمەڵکوژیی لە مێژوودا بە دەستی دەسەڵاتی بێگانە بێت یان هی خۆمان. (ئێلی ڤیزل) نووسەری ئەمریکی دەربازبووی هۆلۆکۆست بە نەوەکانی داهاتوو دەڵێت: ,,ئێستا بەدەست ئێوەیە، ئێمەش لەوەدا یارمەتیتان دەدەین کە ڕابردووی ئێمە نەبێتە دوارۆژی ئێوە".

# نەگرتنی (٢٥٨)تاوانبار و تۆمەتباری ئەنفال لە ئەستۆی دەسەڵاتی کوردیدایە

پاش ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی بە نوسراوێکی فەرمی بە ژمارە (رس/١٠/٨٣) لە بەرواری ٢٠١٠/٨/١١) ئاراستەی وەزارەتی شەهیدان کراوە و داوای گرتنی تاوانبارانی ئەنفال دەکات کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن، هەمان نامە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش کراوە، پێشتریش پارلەمانی کوردستان بە پێی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پارلەمانی کوردستان کە داواکراوە تاوانبارانی ئەنفال لەلایەن وزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە دەستگیربکرێن.

ئێمە پێمان وایە نەگرتنی ئەم تاوانبارە هەڵاتووانە لە ئەستۆی بەرزترین دەسەڵاتە لە کوردستان نەك دەزگایە بێ ئیرادەی وەك پۆلیس یان هەر دەزگایەکی ناوخۆیی.

پاش (٢٠) مانگ و (٣) ڕۆژ، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان هیچ ئیرادەیەکی نیشان نەداوە بۆ ڕێزگرتن لە بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان سەبارەت بە کەیسی ئەنفال، ئەمەش سوکایەتیکردنە بە دادگا و بڕیارەکانی دادگا.

**ڕێکخراوی چاودێریکردنی کوردۆساید**
**چاك**

# سوپاس و پێزانین...

دوای چوار ساڵ لە دەرکردنی ڕۆژنامەی نوگرەسەلمان و سێ ساڵ لە دەرکردنی گۆڤاری (تۆپزاوە)، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بۆ هەموو ئەو لایەن و کەسایەتیان بکەین، کە لە ماوەیەدا هاوکار و دڵسۆزمان بوونە بۆ بەچاپ گەیاندن و دەرکردنی (نوگرەسەلمان) و گۆڤاری (تۆپزاوە)، چ لە ڕووی مادی و چ لە ڕووی مەعنەوییەوە.

جگە لەو نوسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەدبیانەی بە بابەتە بە پێزەکانیان ڕۆژنامەی (نوگرەسەلمان) و گۆڤاری (تۆپزاوە)یان دەوڵەمەند کرد، ئەمەی خوارەوە ناوی ئەو دەزگا و کەسایەتیانەی کە هاوکارمان بوونە لە ڕووی مادییەوە بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکە، کە هیوادارین نمونەیان زۆر بێت.

* مەکتەبی پەیوەندییەکانی کەرکوك * کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك * یەکێتی نووسەانی کورد ـ لقی کەرکوك
* دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی هەواڵ * پەرلەمانتار ئاڵا تاڵەبانی * وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم
* وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێم * سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان

# دادوەر نازم فەرمان ئەلعەبودی: بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتباران لەئەستۆی حکومەتی ئیتیحادیە



**لە دیمانەیەکی تایبەتیدا دادوەر نازم فەرمان ئەلعەبودی روونیدەکاتەوە لەکاتی رێگری کردنی لە کۆتایی هێنان و بچووککردنەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق باجی ئەوەی دا کەلەپۆستەی دوور بکرێتەوەو خانەنشین بکرێت.**

**ناوبراو ئاماژەی بەوەدا بڕیاری دەستگیرکردنی تومەتبارانی ئەنفال و هەڵبجە ڕەوانەی دەسەڵاتی جێبەجێکاری کراوە بۆ دەستگیرکردنیان، بەڵام ئەنجام نەدانی ئەو کارە بۆ مەسەلەی سیاسی دەگەڕێتەوە.**

**((دادوەر نازم فەرمان ئەلعەبودی- سەرۆکی پێشووی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق چەندین بابەتو نووسینی لە رۆژنامەکان بلاوکراونەتەوە و لە ئێستاشدا کتێبێك ئامادە دەکات بەناوی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جێبەجێکردنی لە دادگا.**

ئەنجامدانی دیمانە:
عەلی مەحمود مەحمەد

**پرسیار : بۆچی تاوەکو ئێستا بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان دژی تاوانباران ئەنفال جێبەجێ نەکراوە؟**

وەڵام : بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، پێشتر دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری بەسزادانی تاوانبارانی ئەنفال دەرکردووەو تاوەکو ئێستاش جێبەجێ نەکراوە، کەهاوکات چەندین بڕیاری دیکەش (لە دادگای باڵای تاوانەکان ) جێبەجێ نەکراون.

هەرکاتێکیش دادگا بڕیارێك دەردەکاتو پلە چەسپاندنیشی دەردەچێت، کاری ئەو دادگایە تەواو دەبێتو پەیوەندی بەوەوە نامێنێت کە بڕیارەکە جیێبەجێ بکات، بەڵکو لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکارە جێبەجێیان بکات، بڕیاری سزادانی چەسپاوی کەیسی ئەنفال وچەندین کەیسی دیکە ڕەوانەی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی وەزیران کراوە، هەتاوەکو ئەمڕۆ جێبەجێ نەکراوەو لەهۆکارەکەشی نازانین.

وەکو پێشتر روونمکردەوە کاری دادگا نییە پێداچوونەوەی بۆ بکاتو داوای جێبەجێ کردنی بکات، ئەو تەنها بڕیارەکان بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کار ڕەوانە دەکات، بۆچی ناکرێت ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە رەنگە سیاسی بێت ؟.

**پرسیار: مەبەست لەدەسەڵاتی جێبەجێکار حکومەتی هەرێمی یاخود حکومەتی عێراقیە؟**

وەڵام: جێبەجێکردن لەدەسەڵاتی حکومەتی ئیتحادیە، چونکە ئەو دەسەڵاتی پەیوەندیدارە بەو مەسەلەیەو دەبێت سەرۆکایەتی کۆمار پەسەندی بکات، ئەو سەرۆکایەتیەش لەبەغدادیەو ئەو کارەش لەئەستۆی حکومەتی ئیتحادیەو پەیوەندی بەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە.

**پرسیار : بۆچی ناوی تاوانبارانی ئەنفال نەدراونەتە پۆلیسی نێودەوڵەتی ئەنتەرپۆڵ.**

وەڵام: پێشتر وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان داوای لێکردم بڕیاری دەستگیرکردن دژی ژمارەیەکی زۆری تاوانباری ئەنفالو ئەوانی تری پێشکەش بکەم، لەلایەن خۆمانەوە لیستێکمان لەو بارەیەوە بەچەند وێنەیەك ئامادە کرد، کەوێنەیەکی بۆ فەخامەتی سەرۆکی هەرێمو وێنەیەك بۆ فەخامەتی سەرۆك وەزیران دکتۆر بەهەم ساڵح لەکاتی خۆی نارد، هەروەها وێنەیەك بۆ بەرێز وەزیری شەهیدانو ئەنفالکراوان نارد.

مافی دادگا نییە خۆی بڕیاری دەستگیرکردن جێبەجێ بکات، چونکە ئەوە لەسەر شانی دەسەڵاتی جێبەجێکاریو ئەندامانی رێکخستنی یاسایی (ضبط القضائي)یە، تەنها دادگا چاوڕوانی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەیەو بۆچی جێبەجێ نەکراوە ئەوە لەدەرەوەی دەسەڵاتی دادوەرییە.

لەبارەی ئەوەش بۆچی بۆ پۆلیسی نێودەوڵەتی نەنێردراوە، لەراستیدا ئەوە دەتوانرا وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕیارانە ئامادە بکات ئەوش لەرێگەی داواکاری گشتییەوە لەوەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمو ڕەوانەی بکات، چونکە وەکو باسم کرد لە دەرەوەی دەسەڵاتی کاری دادگایەو پەیوەندە بەدەسەڵاتی جێبەجێکارییە.

ئێمە پێشتر چەند بڕیارێك دژی پیاوانی رژێمی پێشوو ئەندامانی رێکخراوی "موجاهیدی خەلق " راستەوخۆ تەسلیم بەسەرۆکی پۆلیسی نێودەوڵەتی کرد کە کەسێکی فەرەنسییەو وێنەیەکیش بۆ پۆلیسی عەرەبی لە تونس ناردووەو داوای بەدواچونیشم بۆ کرد بەڵام جێبەجێ نەکران.

**پرسیار: لەرووی یاساییەوە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێم مافی ئەوەی هەیە ئەو بڕیاری دەستگیرکردن بۆ پۆلیسی نێودەوڵەتی بنێرێت یاخود وەزارەتی دادی عێراقی ئەو مافەی هەیە؟**

وەڵام : بەڵی دەکرێت، چونکە زۆربەی ئەگەر نەڵێین هەموو تاوانباران لەبرایانی کوردن، وەزارەتی داد لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت هەماهەنگی لەگەڵ پۆلیسی نێودەوڵەتی بکاتو بڕیارەکان بنێرێت.

**پرسیار : هەندێك لەو ناوانەی لەدادگاوە باسکراوە، بە بۆچوونی بەرێزت هەموویان تاوانبارن، لەپرۆسەی ئەنفال یاخود گومانلێکراون لەو مەسەلەیە؟**

وەڵام : لە دادگاکان گومانلێکراو تاوانبارە، تاوانبارو گومانلێکراو هیچ جیاوازییەکیان نییە، هەر کەسێك سکاڵای لەسەر بێتو بەڵگە هەبێت دەدرێتە دادوەری لێکۆڵینەوەو بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو ئەوا دەبێتە تومەتبار، زۆربەی ئەوانەش بڕیاری دەستگیرکردن دژیان دەرچووە تاوانبارنو دەتوانرێت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت، هەر کەسێك تومەتەکان بەسەریدا سەلمێنرا ئەوا ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێتو هەرکەسێکیش تومەتەکانی لەسەر نەسەلمێنرا ئەوا هیچی لەسەر نییە.

**پرسیار: هەندێك لەتومەتباران لەدەرەوەی وڵاتن، دادگا چی کراوە لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە؟**

وەڵام : دادگا وەکو پێشتر وتم بڕیاری دەستگیرکردنی دژی زۆرێك خەڵك ناردووە، دادگا نازانێت کێن ئەوانەی لەناوخۆی یاخود دەرەوەی عێراقن، ولە کاری ئەویشدا نییە، چونکە ئەوەی ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنێت داواکارن یاخود دەسەڵاتدارانی ئەمنی وەك بەرێوەبەرایەتی پاسپورت وئەوانی تر، لەبەر ئەوان دەزانن کێ لەناوخۆ یاخود دەرەوەی وڵاتنو بڕیاری دەستگیرکردنیان لایە.

**پرسیار : هەندێك لەو تومەتبارانەی ئەنفال هیچ سکاڵایەکی یاساییە لەدژ تۆمار نەکراوە، لەئەسلیشدا ئەوان بەشدار بوونە لە پرۆسەکە، دادگا لەو بارەیەوە چییان لێدەکات؟**

وەڵام : دادگا سکاڵا وەردەگرێت، هەر کەسێك هیچ سکاڵایەکی لەسەر نەبێت دادگا ناتوانێت سەربەخۆ دەستگیری بکات، دەبێت کەسی داواکار هەبێت بۆ ئەوەی رایبگەیەنێت ئەو کەسە تومەتبارە لە تاوانی ئەنفالو بەشێوەیەك لەشێوەکان بەشداری کردووە لەو تاوانە، لەبەر ئەوەی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیو یاسای تاوانەکانی باڵای عێراقی نافز ئەو کەسانە سزا دەدات بەهەر شێوەیەك بەشدارییان لەو تاوانە کردووە، چ لەرێگەی رۆژنامەو راگەیاندن، یاخود لەرێگەی پشگیری تەنانەت لەسەر "نیەتی"ش کەس سزا دەدرێت، چونکە ئێمە یاسای نێودەوڵەتی پەیڕەو دەکەین.

هەرکەسێکیش سکاڵای لەسەر بێت دەبێت لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئەوانەش داوایان لەسەر نییە، دادگای ناتوانێت لەخۆڕا سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، تەنها لەرێگەی داواکاری گشتی دەتوانرێت ئەو کارە بکرێت، ئەویش بەگەیشتن بەزانیارییەك کە(فلانە) کەس پێشتر بەشداری لە پرۆسەی ئەنفالی کردووەو ئەو کارەو چەند کارێکی دیکەی کردووەو دیکۆمێنتیشی لایە، ئەوسا دەیداتە دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی رێگا یاساییەکان پەیڕەو بکرێت. تەنانەت دەتوانرێت لە کەسەکان یان، دادوەری گشتی یاخود پارتە سیاسیەکان سکاڵای یاسایی دژی کەسەکان تۆمار بکەن.

**پرسیار: سێ خاڵی گرنگ هەیە لەو بارەیەوە ئەویش ( هەندێك کەس ترسیان هەیە سکاڵا تۆمار بکەن، دووهەم : کەس نیە سکاڵا لەجیاتی قوربانیان تۆمار بکات چونکە هەموویان لەو پرۆسەیە فەوتاون، سێهەمیش: خەڵکانێك هەیە نازانێت چۆن بچێت سکاڵا تۆمار بکات دژی تۆمەتباران)؟.**

وەڵام : ئەوەی راستی بێت هەندێك پێش ئێستا باسم کرد کە داواکاری گشتی دەتوانێت داواکاری دژی هەر کەسێك بێت تۆمار بکات کاتێك پێی بگات ئەو کەسە بەشداری کردووە لە تاوانێك و سەرجەم بەڵگەکانیشی پێشکەش دەکات، یان پارتو رێکخراوە سیاسیەکان ئەوانیش دەتوانن بەرگری لەو خێزانە بکەن کە فەوتاونو کەس نییە داوای مافیان بکات، رێکخراوە حزبیەکانی پارتە سیاسیەکان دەبێت کاغەزی خۆی پێشکەش بە دادگا بکات، چونکە دادگا سکاڵا لە هەموو کەسێكو لایەنی سیاسییەك وەردەگرێت.

**پرسیار : لەم حاڵەتەدا ئەگەر کەسێك تۆمەتبار بێتو سکاڵای لەسەر نەبێت ئەوا دەبێتە بێتاوانو دادگایی ناکرێت؟**

وەڵام: بێتاوان نابێت، بەڵام دادگا سەرەبەخۆ ناچێتە ناو مەسەلەکەوە، چونکە ئەو شوێنێکی بێلایەنە، دادگایی لەسەر ئەوە دەکات کەچ بەڵگەیەکی لەژێر دەستدایە، لەبارەی داواکاری گشتییەوە ئەو دەتوانێت سکاڵای تاوانەکە بجولێنێتەوە کە بیسەلمێت هەر کەسێك تاوانبارە، تەنانەت پارتە سیاسیەکان نەك لە تەنها لە کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو عێراقیش دەتوانن سکاڵای یاسایی لەسەر هەر کەسێك یاخود گروپێك تۆمار بکات کە بزانێت بەشداری کردووە لە پرۆسەی تاوان لە چوارچێوەی ئەو دادگایەو لێکۆڵینەوەی لە گەڵ دەکرێت ئەگەر دەرکەوت تاوانبارە ئەوا کەیسەکەی بۆ دەگوازرێتەوە ئەگەریش بێ تاوان دەرچوو ئەوا ئازاد دەکرێت.

**پرسیار : کەواتە دەبێت کەسێك یاخود لایەنێك هەبێت ئەو کەیسە بجولێنێتەوە؟**

وەڵام : بەڵی

**پرسیار : لە رووی یاساییەوە کەی کارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کۆتایی دێت؟**

وەڵام :لە راستیدا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کەمن سەرۆکی بووم، سکاڵای لەبارەی پیاوانی رژێمی پێشوو هەبوو و کۆتاییان پێهاتو بڕیاری پێی دەرچوو بڕیاری کۆتایی خۆی وەرگرت، چەند سکاڵای دیکەی برایانی کورد ماوە وەکو " پشدەرو سەید سادق، ........" وچەند سکاڵایەکی دیکەی هەمە جۆر کەجارێ کارەکانی تەواو نەکردووە، بەڵام بە ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەسترایەوە ئەویش بەپێی یاسای ژمارە ٣٥ هەموارکراوی ساڵی ٢٠١١ وکارەکانی کەمکرایەوە، کەوای لێهات یەك دەستەی تاوانی هەبێتو یەك دەستەی لێکۆڵینەوەی هەبێتو لە سەریەتی سەرجەم سکاڵاکانی دیکەش تەواو بکات، هەر کەسێکیش سکاڵای هەبێت دەتوانێت پێشکەشی دادگای تاوانەکانی بکات لە بارەگای خۆی و کارە سروشتیەکانی جێبەجێ دەکرێتو کارەکانیشی بەتەواو بوونی کەیسەکان دەبێت.

لێرەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، باجی ئەوەم دا بەوەی رێگر بووم لەبەستنەوەی دادگای باڵای تاوانەکان بە ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە بەر ئەوەی دەبێت سەرجەم کارەکانی تەواو بکات، دەستبەجێ لە لایەن دەسەڵاتدارانی جێبەجێکارییەوە خانەنیشن کرام، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووم فەرمان لەو دەسەڵاتەوە وەربگرم دەمەویست ئەو دادگایە سەربەخۆ بێت و لە ژێر دەسەڵاتی دەستێوەردانەوە دوور بێت. بەتایبەت ئەو دادگایە هیچ فەرمانێك لەسەرۆك کۆمار یاخود سەرۆك وەزیران یاخود هەر بەرپرسێکی دەوڵەت وەرنەگرێت، بەڵام پێدەچێت هێزە سیاسیەکان دەیانەویست ئەو دادگایە کۆتایی بێت و بەئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە ببەسترێتەوە.

**پرسیار : کەی کارەکانی دادگایی کەیسی هەڵەبجەو ئەنفال کۆتایی دێت، چونکە زۆربەی تاوانبارانی ئەو کەیسە نەچوونەتە بەردەم دادگا؟**

وەڵام: دادگای کەیسی ئەنفال کۆتایی هاتووەو بڕیاریشی پێ دەرچووەو گەیشتۆتە بڕیاری کۆتاییش، کە رایگەیاندووە کەیسی ئەنفال تاوانی جینۆسایدە و کەیسی هەڵەبجەش بەتاوانی کۆمەڵکوژی ناوزەندی دەکات، چونکە ئەو شارە بۆردومانکراوە لەبەر ئەوەی کورد بوونەو لەبەر ئەوەش بە کۆمەڵکوژی ناوزەندی دەکات لەبەر ئەوەی جیاوازە لەتاوانی دژی مرۆڤایەتی.

**پرسیار: بڕیاری دەستگیرکردن دژی ٢٥٨ کەسی تومەتباری ئەنفال هەیە؟**

وەڵام: ئەو بڕیارە بەهاوپێچی بڕیاری دادگای کەیسی ئەنفال دادەنرێت، هەر کەسێك لەو لیستە دەستگیر بکرێت بەپێی بڕیاری دادگای کەیسی ئەنفال دادگایی دەکرێتو لەسەر ئەو پێوەرەش لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

**پرسیار: کەی ماوەی بڕیاری دەستگیرکردن دژی تومەتباران تەواو دەبێت؟**

وەڵام : هیچ کاتێك بڕیاری دەستگیرکردن کۆتایی نایەت، تەنها بەبڕیاری دادوەری نەبێت، ئەو دادوەرەی ئەو بڕیارەی دەستگیرکردنی دەرکردووە یاخود جێگرەوەی ئەو دەتوانێت بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە بۆ نموونە " من بڕیاری دەستگیرکردن دەردەکەم لە دژی کەسێك، ئەو بڕیارە بەردەوامە تا ئەو کاتەی بڕیارێکی تری لە بارەوە دەردەچێت".

**پرسیار : دەکرێت دادوەر بێ لێکۆڵینەوە کەسێك بێ تاوان دەربکات؟**

وەڵام: ئەو کارە ناکرێت چونکە دادوەر بەزانیاری خۆی بڕیار دەرناکات، بەڵکو بەپێی بەڵگە دەسەڵاتی جێبەجێ دەکات، دادوەری لێکۆڵینەوە پێی دەڵێن" دادوەری کۆکردنەوەی بەڵگە"و بەزمانی خۆمانە پێی دەڵێن ( لە بێژەنگی دەداتو پاکی دەکاتەوە )، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو کەسە تومەتبارە بۆ ئەوەی کەیسەکەی بگوازێتەوە دادگای تایبەتمەند، ئەو کاتەی دەگوازرێتەوە بۆ دادگای تاوانەکاتو بەو دادگایەش دەڵێن " دادگای بابەت" ئەو مەراسیمی دادگاییکردنەکە بەرێوەدەباتو سزای دەداتو لەسەر ئەو دادوەرەش دەبێت قەناعەتی ویژدانی تەواوی هەبێت جێگەی گومان نەبێت بۆ دادگایی کردنی ئەو کەسە. ئەگەر هیچی لەسەر نەبوو، یاخود بەڵگەکان کەموکورتی تێدا بوون ئەوا بێتاوان دەکرێت.

**پرسیار: هەندێك کەسایەتی هەیە رایدەگەینن کەئەو تومەتانەی ئاراستەیان کراوە هیچ بنەمایەکی نیە، تەنها لەکتێبێکدا ناویان هاتووەو هەندێکی تریش تەنها خەڵاتی پاڵەوانی لەسەردەمی سەدام حوسێن وەرگرتووە؟**

وەڵام: پرسیارەکەت دوو بەش لەخۆ دەگرێت یەکەمیان ئەوان ناویان لە لیستی تاواندا هاتووەو بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، دەتوانن سەردانی دادگا بکەنو وێنەیەکی ئەو بڕیارەش لەگەڵ خۆیان ببەنو داوای سەلماندنی ئەو تاوانانە بکات، ئەگەر بەڵگە هەبوو یاخود کەسێك سکاڵای لەسەر تۆمار کردبێت دەبێت بیسەلمێنێت کەئەو کەسە کارێکی تاوانی لەو شێوەیەی کردووە لە پرۆسەی ئەنفال یاخود لەجێگەی تردا. ئەگەریش داواکار لەمەسەلەکە نەبوون تەنها ناوی هاتبێت ئەوا دادوەری لێکۆڵینەوە ئازادی دەکات.

بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەش ئەو کەسەی خەڵاتی پاڵەوانێتی وەردەگرێت بازنەی تاوان بەدەوریدا دەسورێتەوە، چونکە ناکرێت کەسێك خەڵات بکرێت بێ ئەوەی هیچی کردبێت بۆچی نەدراوەتە من و دراوەتە تۆ؟، ئەوە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشداری کردووە لەو تاوانە، یاسای دادگاش ئەو کەسە سزا دەکات لەسەر نیەت یاخود وپشتگیریت کردووە لە رۆژنامەکانو تەلەفزیۆنەکان قسەت کردووە یاخود بەشێوەیەکی دیکە پشتگیریت کردووە، چونکە ئەمە دەبێتە بەهێزکردنی تاوان و تۆش تومەتبار دەبیت پێی .

**پۆزش**

**داوای لێبوردن لە رۆژنامەنووس (هێمن عەلی) دەکەین، کە بەهۆی هەڵەیەکی هونەرییەوە لە ژمارەی پێشوودا ناوی بە (پرسیار عەلی) هاتبوو، داوای لێبوردن لە خوێنەران و رۆژنامەنووسی ناوبراو دەکەین.**

**نوگرەسەلمان**

# فازل ئەمین: حکومەتی هەرێم دەڵێت یاسا رێگە نادات بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە کەرکوك بکەینەوە



فازل ئەمین مەحمود بەڕێوەبری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کەرکوك، لە دیمانەیەکی رۆژنامەی نوگرەسەلماندا، باس لە هەوڵی بەڕێوەبەرایەتیەکیان دەکات بۆ خزمەتکردنی زیاتری کەسوکاری ئەنفالکراوان و شەهیدانی سنوری پارێزگای کەرکوك.

پرسیار: پڕۆژەی دروستکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە ناوچەی تۆپزاوە گەیشتە چی؟ هۆکاری دواکەوتنی ئەو پڕۆژەیەش چیە؟.

وەڵام: بۆ دوو ساڵ دەچێت لەگەڵ نوسینگەی مافی مرۆڤی عێراقی لە کەرکوك لە هەوڵداین بۆ دروستکردنی پرۆژەی مۆنەمێنتی تۆبزاوە، دواجار لەلایەن بەرێز پارێزگاری کەرکوك (د.نەجمەدین) نوسراوی کراوە لە مانگی (١٠)ی (٢٠١١) و داوای دوانزە دۆنم زەوی کراوە. بەڵام تا ئەمرۆ وەڵلام نیە.

پرسیار: تا ئێستا لە سنوری پارێزگای کەرکوك زەوی بەسەر کەسوکاری ئەنفالکراوان دابەش ناکرێت، هۆکاری ئەمە چیە؟ حکومەتی ناوەندی رازی نیە، یاخود ئێوە بە دوای ئەم بابەتەدا نەچوون؟.

وەڵام: راستە لە سنوری کەرکوك واتە سنوری شارەوانی کەرکوك کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان سوندمەند نەبونە. دیارە هۆی سەرەکی دەگەرێتەوە بۆ جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)، چونکە ئەو شەهید و ئەنفالکراوانە لای ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون و موچەو ئیمتیاز وەردەگرن نەك لەسەر حکومەتی ناوەند.

پرسیار: لە کەرکوك دەزگایەك هەیە بە ناوی دەزگای شەهیدان و سەر بە حکومەتی ناوەندییە، بۆ چی ئەم دەزگایە مووچە بە وارسی ئەنفالکراوان نادات؟ لە کاتێکدا کەرکوك تا ئێستا سەر بە حکومەتی ناوەندییە؟ پاشان ئێوە لەم رووە چیتانکردووە؟.

وەڵام: دەزگای شەهیدانی کرکوك، کە سەر بە حکومەتی ناوەندیە، یاسا و رێنمایی خۆیان هەیە. ئینجا لای ئەوان شەهید پۆلین نەکراوە وەك ئێمە هەر شەهیدێك یان ئەنفالکراوێك موچەی لای ئێمە هەبێت ئەوان بۆی ناکەن.

پرسیار: باس لەوە دەکرێت؟ کە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی کەرکوك، هەمان دەسەلات و سەلاحیەتی وەك بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانی نیە؟ ئەم جیاوازییە بۆچی و هۆکارەکەشی بۆچی دەگەڕێتەوە؟.

وەڵام: دەسەلاتی بەرێوەبەرایەتیەکەمان تەنها دەسەلاتی بەرێوەبەرایەتی هەیە، نەك دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەك بەرێوەبەرایەتی گشتیەکانی بێت (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)، ئێمە کارمان زۆر کردووە بۆ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ شاری کەرکوك، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێم ئەڵێت یاسا رێگەمان نادات لە کەرکوك بیکەینەوە.

پرسیار: وەك بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی کەرکوك؟ هیچ پلانێکتان هەیە بۆ یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال لەم ساڵدا لە شاری کەرکوك.

وەڵام: پلانمان هەیە کە ئەمساڵ لە تۆبزاوە کە شوێنی مەرگەساتی ئەنفالە، یادەێکی شایستە بکەینەوە، کە ببێتە هۆی ئەوەی گشت ساڵەکان لە هەمان رۆژ و مانگدا، وەك چەمچەماڵ و گەرمیان یادی ئەنفالی لێبکەینەوە.

پرسیار: تا چەند کارتان کردووە، کە لە بودجەی پترۆدۆلار میزانیەکی تایبەت بۆ پێدوایستی وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان خەرج بکرێت؟ وەك چارەسەرکردنی نەخۆشی و ناردنی کوڕ وکچی ئەنفالکراوان بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات؟.

وەڵام: پترۆدۆلار تایبەتە بە حکومەتی ناوەندی، رەنگە ئێمە نەتوانین بۆ سنوری بەرێوەبەرایەتیەکەمان سودی لێوەربگرین، بەڵکو ئەو پارە یە تایبەتە بە گشت چین و توێژەکانی شاری کەرکوك، نەك بودجەیەك بدریتە ئێمە کە لە بواری چارەسەرکردنی ئەو کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەنەی تووشی نەخۆش بوونە، یاخود بۆ ناردننە دەرەوەی کوڕو کچی شەهید و ئەنفالکراوەکان بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات.

پرسیار: هەموو ئەو کەسانەی ناسنامەی دەزگای شەهیدانی عێراقیان هەیە، لە ناو دەزگا و وەزارەتە حکومیەکانی سەر بە حکومەتی ناوەندی مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵ دەکرێت؟ کەچی وارسی ئەنفالکراوانی هەرێم کە ناسنامەی بەرێوەبەرایەتیەکەتانیان هەیە، هیچ حسابێکی تایبەتیان بۆ ناکرێت وەك ئەوەی بۆ هەڵگرانی ناسنامەی دەزگای شەهیدانی عێراق دەکرێت؟.

وەڵام: دەبێت لە گشت شوێنێ رێزی تایبەتی بۆ پێناسەی شەهید دابنرێت، بەڵام بەداخەوە رەنگە لە زۆربەی شوێنەکان کە بەڕێوەبەر فەرمانگەکە یان فەرمانبەرەکانی لە نەتەوەی غەیرە کورد بن هاوکاریان نەکەن .. هەر چەندە لە گەڵ جەنابی پارێزگار ئەو بابەتەمان باسکردووە، کە تەعمیمێك دابگرێت خوارەوە بۆ گشت فەرمانگەکانی کەرکوك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

پرسیار: بەرنامەتان هەیە بۆ دروستکردنی شوقە یاخود شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری ئەنفلکراوان و شەهیدەکان؟.

وەڵام: جەنابی وەزیر بە فەرمی داوای لە جەنابی (د.نەجمەدین) کردووە، کە شوقە دروست بکرێت، و داوا کراوە (١٠٠) دۆنم زەوی دابین بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بە نیازین کارێکی وابکەین لەگەڵ کردنەوەی سەنتەرێك و هوڵێك بۆ خزمەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوانی سنوری شاری کەرکوك.

# ئاماری هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

دیارە هەوڵدان لە پێناو کۆکردنەوەی ئامارێکی پوختی قوربانیانی دەستی رژێم کارێکی ئاسان نیە، بەتایبەت کە ئەو حکومەتە خوێنمژە، هۆکاری گرنگی شاردنەوە و لە ناوبردنی جۆر بە جۆری لەبەردەستدا بووە و بەکاریهێناوە وێرای ئەو دەزگا ئەمنی و ئیستخباراتیانەی کە بەو پەری وریاییەوە کاریان بۆ کردووە.

لەدوای روخانی رژێمیش نا هوشیاری خەڵك بۆ خۆی هۆکاریکی گرنگ بووە، کە زور جاران بێمەبەست بووەتە هۆکار بۆ شاردنەوەی تاوانەکانی دەستی رژیم، بە تایبەتیش لەو شوێنانەی کە زوربەی دانیشتوانی لە رەگەزیی عەرەب بوونە، ئاستەنگێکی دیکەی بە دیکومێنت نەکردنی تاوانەکانی رژێم و نەبونی شارەزایی تەواو بووە لەسەر چۆنیەتی بە دیکومێنت کردنیان، زۆربەی جارەکان دوای دەرهینانی روفاتەکان کاری بە دیکومێنتکردن نەکراوە و بگرە هەر بەو شێوە عەشایەرییانەی خەڵکی لەسەری راهاتوون، گۆڕەکان گواستراونەتەوە تاکو گۆڕ غەریب نەبن !!! لە کاتێکدا کاری کنەکردن و گەڕان هۆکاری گرنگی بەدیکومێنتکردنی دەویت، کە هێشتا لای ئێمەی کورد زور هەژارانە دەستی دراوەتیٚ و هیجی ئەوتۆی لیٚ نازانین، ئەوەی لەبەر دەستان دایە هەرچەند لە رواڵەتدا کارێکی زور سادەوە هێندە گرنگی پێوە دیار نیە، بەڵام لە راستیدا هەوڵ و کوششێکی فرەی ویستوە تا توانیومە کۆیان بکەمەوە، هەر بارچەی لە شوینێکەوە پەیدام کردوون و هەندێکیان لە وەزارتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم بەدەستم هێناون و تیایانداییە لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق و هەندێکیشیان زۆر تایبەتن و بە هیلاکی زۆر بەدەستم هێناون، وێڕای ئەوەی سەرچاوەکانیان جیاوازە بەڵام زانیارییەکان ڕاست و دروستن.

کێشەی گەورەی ئێمە بۆ لەمەودواش هەر بەو شیوەیە دەبێت، لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا دەزگایەکی سەربەخۆ نییە هەموو داتاکان لە جێگەیەك کۆبکاتەوە و چێکیان بکات، ئەوەی لێرەدا کراوە هەوڵیکی زۆرو خەرمانێکی کەمە.

بەو هیوایەم لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا حکومەت ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی خویی و کارەکە هەم بە دروستی و هەمیش لێزانانە ئەنجام بدات، تا لە محافلە دوەلیەکاندا سودیان لێوەر بگیرێت.. بۆ ئەوەش زۆر دڵرەقانە بریار نەدەین دەبیٚ ئاماژەیەکی بچوك بدەم بەوەی کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان کار بۆ دەرهینانی روفاتەکان بە شێوەی زانستی و ئامادەکردنی تیمێکی پسپور لەو بوارەدا دەکات، هەروەها ناسندنەوەی روفاتەکان بە هوی پشکنینی کەسووکاریان بە (دی ئێن ئەی) ئەنجام دەدات، وێرای ئەوەی کە ئەمە رێگایەکی ئاسان نییە، بەڵام تاکە رێگایە بۆ ناسینەوەیان، چونکە لە رێگەی ناسنامە یاخود کەلوپەلەوە ناگەیەنیەتە ئەو ئەنجامەی کە دڵنیابین لەوەی ئەو روفاتانە وەك کەسایەتی لە چ بنەماڵەیەکە، هەروەها تاکە رێگایە کە لەرووی زانستیەوە پشتی پیٚ دەبەسترێت لە سەر ئاستی رۆژهەلاتی ناوەراست و ئاسیا بەگشتی.

**هوشیار عیزەدین**

**سەرپەرشتیاری هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵکان**

| بارێزگا | شوێنی گۆڕ | ژ.گۆرەکانڕ | ژمارەی رووفات | نەتەوە | ساڵی کارەسات | ساڵی دەرهێنان | هەڵگیرا لە لایەن | شوێنی ئێستای وەفات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەرکوك | تۆپ زاوا | ٣ | ٣٤ | کورد | ١٩٩١ | ٢٠١٠ | به هاوبەشی | طب عدل کەرکوك |
| | دوبز | ١ | ١٠٦ | کورد | ١٩٨٨ | ٢٠١٠ | و.شەهیدان | مۆنۆمێنتی چەم چەماڵ |
| سلێمانی | کفری | ١ | ٢٧ | کورد | ١٩٦٣ | ٢٠١٠ | و.شەهیدان | مۆنۆمێنتی کفری |
| | چەم چەماڵ | ١ | ٣ | نەزانراو | ١٩٩١ | ٢٠١٠ | و.شەهیدان | طب عدل سليماني |
| موصل | حەزەر | ١ | ٢٥٦ | کورد | ١٩٨٨ | ٢٠٠٨ | و.شەهیدان | مۆنۆمێنتی دووکان |
| دیوانیه | مهاری | ٦ | ٧٢٤ | کورد | ١٩٨٨ | ٢٠١١ | بەهاوبەشی | کوردستان |
| | شوێنی تر | ٥ | ٠ | ٠ | | ٠ | مافی مرۆڤ | ٠ |
| نجەف | حەیدەریه | ٢ | ١٨٧ | کورد | ١٩٨٨ | ٢٠٠٨ | مافی مرۆڤ | کوردستان |
| | میلاد | ١ | ٠ | ٠ | | ٠ | مافی مرۆڤ | |
| سماوه | بەصیه | ٢ | ٤٠٣ | کورد | ١٩٨٣ | ٢٠٠٥ | مافی مرۆڤ کوردستان | مۆنۆمێنتی بارزانی |
| | نوگرە سەلمان | ١ | ١٠٠ | کورد | ١٩٨٣ | ٢٠٠٥ | مافی مرۆڤ کوردستان | مۆنۆمێنتی بارزانی |
| | حی زهور | ١ | ٢ | عەرەب | ١٩٩١ | ٢٠١١ | مافی مرۆڤ | کەربلا |
| بابل | مەحاویل | ٣ | ٨٣٦ | عەرەب | ١٩٩١ | ٢٠١٠ | بەهاوبەشی | کەربلا |
| | امام بكر | ١ | .٠ | ٠ | | ٠ | بەهاوبەشی | |
| | بەزل | ١ | ٠ | ٠ | | ٠ | بەهاوبەشی | |
| رومادی | سهل عكاز | ٢٥ | ٩٥٤ | تێکەڵاو | | ٢٠١٠/ ٢٠١١ | بەهاوبەشی | کەربلا |
| کەربلا | وادی قدیم | ١ | ٢٤ | عەرەب | ١٩٩١ | ٢٠١٠ | مافی مرۆڤ | کەربلا |
| | حی تعاون | ١ | ٠ | ٠ | | ٠ | مافی مرۆڤ | |
| | فندق حسین | ١ | ٠ | ٠ | | ٠ | مافی مرۆڤ | |
| بەسره | قبله | ١ | ٩ | عەرەب | ١٩٩١ | ٢٠٠٩ | بەهاوبەشی | بەسره |
| | هارسه | ١ | ٠ | ٠ | | ٠ | مافی مرۆڤ | |
| | بەرجسیه | ١ | ٠ | ٠ | | ٠ | بەهاوبەشی | |
| تکریت | حەمرین | ١ | ١٥٨ | کورد | ١٩٨٨ | ٢٠١٢ | بەهاوبەشی | |
| دهۆك | شاخکێ | ١ | ١٤ | کورد | ١٩٦٩ | ٢٠٠٧ | و.شەهیدان | |
| دهۆك | فیشخاپور | ٢ | ٣٩ | کورد | ١٩٦٩ | ٢٠١٠ | و.شەهیدان | |

# هەڵەبجە و ئەنفال لە ماڵپەڕی سەنتەری هۆلۆکۆسدا

نوگرەسەلمان

لە ئاکامی گەڕان بە ماڵپەرە جیهانیەکاند بۆ بینینی بابەت لەسەر کارەساتی هەڵەبجە چاوم کەوتە سەر ماڵپەرێك بە ناوی{ folkedrab}واتە کۆمەڵکوژی .ئەم ماڵپەرە دەگەڕێتەوە بۆ سەنتەری هۆلۆکۆس لە دانمارك، کە سەنتەرێکی ئەکادیمیاو کارو چالاکییەکانی لە چوار چێوەی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کۆمەڵکوژی لە جیهانداو پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانە لەو بوارەدا . لە بابەتەکاندا سەبارەت بە کۆمەڵکوژی بە پێناسەیەکی ئەکادیمی و زانستی باسی کردووە .هاوکات باسی دیرۆکی کۆمەڵکوژی لە جیهاندا بە درێژی کراوە . هەروها ئاماژە بەو نەتەوە و ئەتنیك و کۆمەڵە کەسانە کراوە کە ڕووبەرووی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، وەك ئەرمەنیەکان، بۆسنیەکان، دارفۆریەکان، کەمبۆدیەکان، رواندا، هۆلۆکس{جولەکەکان} لە دوایشدا کۆمەڵکوژیەکانی ستالین.

لەسەر هەریەك لەمانە هەڵوستەی کردەوە بە درێژی باسی لێکراوە. لە برگەیەکدا دەڵێت لە سەدساڵی ڕابردوودا پتر لە ١٠٠ ملیۆن مرۆڤ بە هۆی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی لە جیەاندا لە نێو چوون ..

لەباسی کورددا بەدرێژی باسی لە جینۆساید کردنی کورد کردوە ، ئەنفال و کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە وەك بەڵگە دەهێنێتەوە.

پاشان هەڵوەستە لەسەر کارەساتی هەلەبجە دەکات و بە وێنەو ژمارەی شەیدو دۆکۆمێنت و هۆکاری کیمیابارانەکەو رەهەند و ئەنجامەکانی لەو کارەساتە دەدوێت.

هەر لەوێدا باسی ئەنفالیش کراوە وەك پرۆسەیەکی سیاسی لەلایەن رژێمی بەعسەوە بۆ لە ناو بردن یا قڕکردنی نەتەوەی کورد.

ئەم بابەتە گەر لە ڕووی زانیاریەوە هەلبسەنگێنێت دەتوانم بڵێم بابەتێکە لە ئاستێکی بەرزدا نووسراوە و زانیارەیەکانی زۆر ووردن.

لە بارەی ئەنفالەوە بە چەند خاڵێك و بە زنجیرە باسی دەکات .بۆنمونە بە وشەی عێراق دەست پێدەکات و بەدوایدا چەند خاڵێك دێن کە گرنگەکانیان ئەمانەی خوارەوەن .

١. پێش کۆمەڵکوژ
٢. کۆمەڵکوژی
٣. ئامانج لە کۆمەڵکوژی
٤.پرۆسەی ئەنفال دژ بە کوردەکان
٥.هێرشی کازی ژەهراوی بۆ سەر هەڵەبجە
٦.یاداشتکردن یا ڕاپۆرتکردنی کۆمەڵکوژیەکە
٧.کۆتای هێنان بە کۆمەڵکوژیەکە
٨.دەرەنجامەکانی کۆمەڵکوژیەکە
٩.بەشداربووانی کۆمەلکوژیەکە

هەر یەك لەم خاڵانە بە شێوەکی زانستی و دوور لە عاتیفە باسکراون و بە ژمارەو بەروار و جێگە یاداشتکراون.

بۆنمونە لە باسی دەستپێکردنی ئەنفالدا دەنووسێت مەسەلەی پاکتاوی رەگەزی یا لە لە نێو بردنی کوردەکان لە لایەن حیزبی بەعسەوە تەنها لە ساڵی ٨٨ دەستی پێنەکردوە بەڵکو لە ساڵی ٧٠ دا وەك نهەجێك خراوەتە بەرنامەی حیزبی بەعسەوەو بەرەدەوام کاریان بۆ جێبەجی کردنی کردوە .

لە خاڵی هەڵویستی ئەمەریکادا دەنووسێ، ئەمەریکا بەردەوم پاڵپشتی سەدامی کردوەو چەکی پێفرۆشتووە، دەمێکیش کارەساتی هەلەبجە ڕوویدا ئەمریکا بە هیچ جۆرێك ئیدانەی نەکرد و کورد کرایە قوربانی بەرژەوەندی .

باسی ڕۆڵی علی کیمیاوی کردووە وەك جێبەجێکاری پرۆسەکە، هەروها باسی رۆڵو پێگەی نزار خەزرەجیشی کردووە وەك فەرماندەیەکی بەتوانا و خاوەن دەسەڵات و گرنگی بەشداری پرۆسەکە. لە بەشی بەشداربووواندا باسی جاشی کردووەو هەر بە وشەی جاشیش ناوی هێناون، پاشان بە دانمارکی روونکردنەوەی داوە کە جاش یانی ئەو کەسانەی لە بڕی پارەدا چەك بۆ دەسەڵات هەڵدەگرن و لە دژی نەتەوەکەی خۆیان دەجەنگن. ناتوانم لێرەدا سەرجەم بەشەکانی بابەتەکە بخەمەبەر تیشك و باسکردن چونکە کاتێکی زۆری پێدەچێت . لێ هێندە هەیە دەتوانم بڵێم کە دەکرێت ئەم زانیاریانە کە لەم ماڵپەرەدا سەبارەت بە کۆمەڵکوژی هەن، چ بەنسەبەت کوردەوە یا ئەو نەتەوانەی تر کە هەمان چارەنووسیان هەبووە، بکرێنە سەرچاوەیەکی باش بۆ سوود لێوەرگرتن لە ڕووی لێکۆڵینەوەو نووسینی زانستیەوە. لە ڕێگەی گۆگڵەوە دەکرێت بابەتەکانی ئەو ماڵپەرە وەربگێردرێتە سەر زمانی ئینگلیزی کە بۆ ئێمەی کورد نزیکترین زمانی ئەوروپیە.

لە کۆتایدا لێنکێکی تیدایە کە تایبەتن بە چەند ڕێکخراوێکی جیهانی و ئێراقی کە لە بواری مەسەلەی مافی مرۆڤ و جینۆساید و کۆمەڵکوژیدا زنیاری دەبەخشن.

لینکی ماڵپەرەکە
http://www.folkedrab.dk/sw٥٤٢٦٣.asp


http://www.folkedrab.dk/sw54263.asp
Giftgasangrebet på Halabja
Folkedrab.dk
Dansk Institut for Internationale Studier
Holocaust og folkedrab
Slå ordbog til
Søg på hele ord
Søg
HVAD ER FOLKEDRAB | CASES | FOKUS | MEDIEGALLERI | DILEMMASPIL | LÆRERFORUM | AUSCHWITZ-DAG | HVEM ER VI | Kontakt | Sitemap
Eksempler på folkedrab
Irak
Før folkedrabet
Folkedrabet
Folkedrabet indledes
Al anfal kampagnen mod kurderne
Giftgasangrebet på Halabja
Beretning fra folkedrabet
Folkedrabets ophør?
Folkedrabets efterspil
Folkedrabets aktører
Fokusartikler
Materiale
Links
Forside > Cases > Irak > Folkedrabet > Giftgasangrebet på Halabja
Print

Giftgasangrebet på Halabja

**Det mest kendte angreb mod kurderne under folkedrabet i Irak er giftgasangrebet på den kurdiske by Halabja i marts 1988. Angrebet var ikke en del af den officielle Anfal-kampagne, men det var den samme metode og den samme anti-kurdiske holdning, der lå bag.**

**Halabja**
Området omkring Halabja havde som så mange andre områder i Nordirak i løbet af 1987 været udsat for angreb fra irakiske styrker, og mange af de omkringliggende landsbyer var blevet ødelagt af irakiske bulldozere. Mange kurdere havde derfor søgt tilflugt i de større byer, og Halabja voksede på kort tid fra at have en befolkning på omkring 40.000 til at huse en befolkning på næsten 80.000 mennesker. Byens befolkning var kendt for at støtte Peshmergas, dvs. kurdiske oprørssoldater.


**Irakisk hævn på Irans indtagelse af byen**
I midten af marts 1988 indledte iranske styrker, som et led i krigen mellem Iran og Irak, et angreb på byen, som indtil da var under irakisk kontrol. Få dage efter kunne de iranske soldater fejre sejren sammen med de irakiske kurdere, som støttede iranere i krigen og tilmed havde hjulpet iranerne med at indtage byen. Næste morgen svarede irakerne igen med et sønderlemmende angreb på Halabjas civilbefolkning.

Ofre for de kemiske våben ved angrebet på Halabja i 1988.

**Irak-Iran krigen 1980-1988**
Krigen havde sit udspring i en konflikt mellem Irak og Iran, som dels handlede

# ئەنفال و دادگایی سەدام لە ڕۆژنامەیەکی هەنگاریدا

گۆران هەڵەبجەیی



لەسەررووبەندی دادگایی سەدامدا و پەیوەست بە ئەنفالەوە، میدیای جیهانی گرنگیەکی تایبەتیان پێدا. باوەڕناکەم میدیای وڵاتێك هەبووبیت لەسەر گۆی زەوی گەر بە هەواڵێکی کوورتیش بووبێت باسی ئەو دادگاییەی نەکردبێت. پەیڤی نەنفال و پرۆسیسەکەی لە دوای ڕوودانیدا جگەلە خۆمان و هەندێك لەدۆستانمان نەبێت کەس نەیدەزانی ئەو وشە بەدناوە چیەو چۆن ڕوویداوە، یاخود لە زۆر حاڵەتدا بە مەبەست باس نەکراوەو فەرامۆش کراوە و بووتە قوربانی بەرژەوەندییەکان. لە دوای هەرەسی ڕژێمی سەدم و هاوکات لە میانەی دادگاییەکەدا هێدی هێدی لەجیهاندا و بەتایبەت لە میدیاکاندا ئاشنایی لەتەك ئەنفالدا پەیدابوو، لێرەو لەوێ باسی لێوە دەکەن. بە ئومێدم لە ئایندەدا ئێمەی کورد بتوانین ئەنفالیش وەك هۆلۆکۆس بکەینە سوومبلی پاکتاوی ڕەگەزی و لە فەرهەنگی جیهانیدا جێگەی بکەینەوە.

هەر لەم ڕوانگەوە بەگرنگی دەزانم ئاماژە بە هەوڵەکانی ڕێکخراوی چاودیری کوردساید ـ چاك بدەم کە لە بواری ناساندنی ئەنفالدا جێدەستیان دیارە، هەر بەم دوایە دڵسۆزانی ئەو ناوەندە توانیان ناوەندی چاك بکەنە ئەندام لە ڕێکخراوی جیهانی جینۆسایدا، وە ئێستا ناوی چاك لەڕێزی ئەو ڕێکخراوانەدایە کە لە بواری جینۆسایدا کار دەکەن.

واتە{ هەولپەڕی مەجەری} Magyar Hirlap کاك هەڵۆ ڕەئوف مەعروف ڕۆژنامەنووس لە لە لاپەڕەی ڕا و دیالۆگدا بابەتێکی نووسیوە بە نێوی سەدام و هۆلۆکۆسی کورد، کە پەیوەستە بە دادگاییەکەی سەدام و دارووەدەستەکەیەوە.

هەڵۆ پانۆڕامایەکی تێروتەسەلی لە سەر ئەنفال و چۆنیەتی ڕوودانی نووسیوە. کە کۆتاییەکەی بە گەران بەدوای تاوانبارانی ئەنفالدا هاتووە.

سەرەتا بەدادگاییەکەو مەبەستی سازدانی دەست پێدەکات کە لەسەر مەسەلەی ئەنفالە، پاشان پێناسەیەکی ئەنفال و شیکردنەوە و مانای ئایەتەکە و سەردەمی ڕووودانەکەیی و کاتی کۆتایی پرۆسێسەکە دەکات. ئەوجا دێتەسەر ئاکام و ژمارەی قوربانیەکانی ئەنفال و وێرانکاریەکانی گووند و شارەکان کە لە میانەی پرۆسێسەکەدا ڕوویدا .

پاشان باس لە نەخشەکێش و پلاندانەر و ئەنجام دەرانی ئەنفال دەکات کە لە سەدام و عەلی کیمیاوی وکەسانی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەوجا لە زمانی یەکێك لە ڕزگاربووانی ئەنفال کە کە نووگرەسەلمان بووە چۆنیەتی کارەساتەکەو تراژیدیای ڕۆژانەی خۆیان لەو سەنتەری مەرگەدا باس دەکات کە ڕۆژانە چەندین زارۆك و مرۆڤی بەتەمەن بوونەتە خۆراکی سەگە بۆرەکانی ئەو بیانابە.

هەڵۆ لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دێتە سەر باسی ئەو دۆکۆمانتانەی کە پەیوەستن بە مەسەلەی ئەنفال و چۆنیەتی ڕوودانی ئەنفال دەسەلمێنن، ئەم دۆکۆمانتانەش بە ١٤ تەن دەخەملێنێت.هەر لەتەکیدا ئاماژە بەو چالاکی و خۆپیشاندانانە دەکات کە لە چەندین وڵاتی ئەورووپاو کەنەداو ئوستralیاو ئەمەریکاو چەندین بازێڕی کوردستان بۆ پشتگیری لەو دادگاییە ئەنجام دران.

لە بڕگەیەکی دیکەی نووسینەکەیدا باس لە دروستبوونی ناوەندی چاك دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و مۆدرن بۆ کارکردن لە مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجەدا هاتە مەیدان. هەر پەیوەست بە کاروچالاکیەکانی ناوەندی چاك، هەڵۆ ئاماژە بە گرنگترین چالاکیەکانی چاك دەکات وەك بەدوواچوونی خەزرەجی و گەیاندنی بەدادگاو پاشان هەڵاتنی تاونبار و داوکردنی لەلایەن ئینتەرپۆڵەوە.هەروهەا باسی فرانس ڤانی هۆڵەندیشی کردووە کە بە چەکی کیمیاوی هاوکاری سەدامی کردووە.

لەدووا بڕگەدا ئەرکێکی گرنگی چاك باس دەکات کە ئەویش گەڕانە بە دوای تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە، لەمەدا چاك بە ڕێکخراوەکانی هۆلۆکۆس دەشوبهێنێت کە چۆن تا ئێستاش بە دوای تاوانبارانی هۆلۆکۆسدا دەگەڕێن.

ئەوەی جێی ئاماژەیە هەڵۆ باس لە کەسێك دەکات کە لە ئەنفالدا دەستی هەبووەو پاش ئەنفال سەدام رەوانەی هەنگاریای کردووەو لە باڵوێزخانەی عێراق کاری کردووە .داوی هەرەسی ڕژێم ئەو تاوانبارە نەیوێراوە بگەڕێتەوە بۆعێراق، بۆیە داوای پەنابەریەتی لە ئەڵمانیاو نەمساکردووە بەڵام بەهۆی ڕابردووی پڕ تاوانی پێی نەدراوە، لێ دواجار حکومەتی هەنگاریا پێبەخشیوە.

بۆیە هەڵۆ هۆشداری دەداتە دەسەڵاتدارانی هەنگاری کە لەوانەیە ئەو مرۆڤە لە ئایندادا ڕاپێچی دادگا بکرێت و ناوەندی چاك بەدووی ئەو مەسەلەیەدا دەچێت.

سەرنج:


هاوڕێم کاك هەڵۆ ڕەئووف مەعروف لەوڵاتی هەنگاریا خوێندنی تەواو کردووە، لەبوارێکدا خوێندنی تەواو کردووە کە دەتوانم بێژم دانسقەیە، ئەویش لە بواری کتێبخانەدایە، واتە خوێندنەکەی پەیوەندی بە ڕۆشنگەریەوە هەیە.

پێدەچێت ئارەزووی کردبێت بەردەوامیەتی کارەکەی باوکی وەربگرێت کە خاوەنی کۆنترین و گەورەترین کتیبخانە بوو لە شاری سلیمانی بەنێوی کتێبخانەی گەلاوێژ.

ئاشنایی من و هەڵۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کە منیش لە هەنگاریا دەمخوێند. دوای تەواو کردنی خوێندن هەڵۆ لە هەنگاریا مایەوە، ئێستا وەك ڕۆژنامە نووسێکی کورد لە ڕۆژنامەکانی هەنگاریدا بابەت لەمەڕ دۆزی نەتەوەکەی دەنووسێت و خوێنەری هەنگاری بە میللەتەکەی دەناسێنێت، هاوکات وەك ڕۆژنامەنووسێکی کورد لەنێو ڕۆژنامەنووسەکانی هەنگاردا ناسراوە.

# بەشێك لە قەسیدەی سەفەری نابینا

## پێشکەشە بەرۆحی بەرزەفڕی "سەدو هەشتاو دووهەزار" پەپولەی بیٚ تاوان، کە لە کەڵبەکانی مێژوودا بەجێمان



عەبدولرحیم سەرەڕۆ

لێرەدا رۆحت وەك دەنکە قەزوانێکی کوێستانی
بەر دەبێتەوە ناو لمە زقنەکانی بیابان‌و
جارێکی تر هەیهات .. ئەبەد نایگریتەوە،
قەدەرە دەستکردەکانی رەشەبای قین‌و
دووپشکەی سکپڕ بە خووم..
بە نابەدڵی من وتۆی لێرەدا کۆکردەوە،
ئامادە بە .. ئەی کچۆڵە تاژانەکەی
بۆنی قژی چنارێکی کۆسکەوتووت لێدیٚ و
رەنگت چۆتەوە سەر رەنگی دار بییەکی
بەسەراسیمەکانی هەورە بروسکە حەپەساو،
لەم زەمەنە ئەزەلییە بەشت نەما ..
عومرت هێندەی کەفی کەنارە زێیەکی ماوەو
دوای ساتیٚ تر
خەونەکانت یەکسان دەبن بەو هیچەی
کە هەرگیز لە رەحمی زەمەندا ناخولقێت
ئامادە بە .. لەنێوانی ناڵەی تفەنگی
خوودە بەسەرەکانی ئەم سەحرایەو
زریکەی رۆح سپاردنت بە ئەبەدیەت
تەنها یادەوەریە خۆڵاویەکەی رێی کانییەو
تاسەر شەفاعەتت بۆناکات،
تەنها سەرەتای هەستکردنتە بەبوون
کە تاسەر بە هاناتەوە نایات.
لێرە هەرگیز هاورێیەتی لەگەڵ باران ناکریٚو
دەست ناخرێتە دەستی شنەباو
ژوان لەگەڵ هەوردا نابەسترێت
لێرە هەرگیز کانی ئامێزی پڕسۆزی
بۆ میوانداری مەرکانەکان ناکاتەوە.
مەحاڵە ملوانکە رەنگ پەڕیوەکەت
بەم سەری تۆزو خۆڵاویەی
ئەم سەفەرە نابینایە بتناسێتەوەو
هەر ژاکانی بەناحەق چاوەڕێتە.
ئەی گوڵ..
بە تەنها بەربوونەوەت بۆ ماوەتەوەو
دەبێت ئەمرۆ میوانی ئەم هەتاوە دڵرەقە بیت،
ئەمشەو تەسلیم بە مانگێکی شینەوە بووت دەکات و
جینایەتەکانیش دەچنەوە سەر مێژووی رم
چەتریشت هەر خوێنی گەردنتە.
"ئەو وای پێوتم ..
ئەو هەموو حەرفەکانی فەرهەنگی مەرگی دەزانی
ئەو لە ئەلف‌و بێی غەدرەوە فێری ژیان کرابوو
ئەو سەرشێتی سەفەرێکی کوێری
بەرەو تەریقەتەکانی تاناتۆس بوو
ئەو پەروەردەی گڕیوەو بای دەبوورو
تامی ژیانی لە دیلی خۆی‌و
مەرگی مندا کلۆمدا بوو".
بەکیٚ بڵێم .....؟!
نیشتمانێکم هەبوو لە پەڕەی گوڵ
پاییزی ئەنفال هەڵیوەراند
رەشەبای قین و کولله پێکوڕەکانی تاوان
رادەستی قەدەرێکی پڕ لە کاولبوونیان کرد
نیشتمانێکم هەیە
لەسەفەری نابینای مێژوودا جێی هێشتووم
لەسەر سنگی چوارشەقی نەخشەیەکدا
بەیتو باڵۆرەی بێکەسیم بەحوزنەوە دەچڕیٚ
دەنگی لەدەنگی دایکە بەشمەینەتەکەمە.
نیشتمانێکم هەیە مێژوو هێندە
تووشی پەرکەمییەکانی لەبار بردنی کردووە
لە فەرامۆشکردنی مندا
زیکر بە زمانی بکوژەکەم دەکاتو
گوارە تاقانەکەم دەکاتە نزری بەرپێی ئەوان‌و
موراز لەسەر دەستی ئەوان دەگرێت.
ئەوان کە دەستەکانیان پڕاو پڕن لەباروت،
پڕن لەموتاڵای مەرگی ئێمە
لە خوێندنەوەی مەرگی دەیان سەدەی وەك و ئێستام.
ئەی نیشتمانی بەساڵاچووم
ئەی نیشتمانی بەئەنفالی ئەم زریانە خڵەفاوەم
رۆژیٚ نەبوو لە خۆت بپرسی
ئەژدیهایەك کە سەری لە تەنگەی دۆزەخەوە
وەدەرنابیٚ
ئەبیٚ بۆچی .. لەرازو نیازو تکا
هەر بە تەنها مەرگی منی پیٚ رەوا بیٚ !؟
گومان دەکەم هەتا ئێستاش
ئاوێنەی ژوورەکەم وەك خۆی مابیٚ
وا هەست دەکەم
رێگەی هاتن هەرچەند دوور بوو
بەڵام رێگەی گەڕانەوە زۆر نزیکەو
لە نێوانی ماڵی ئێمەو ئەم سەحرایە
دوو هەنگاو بێت ..
بەڵام مێژوو زەینی خاکیشی تێکداوە.
لێرە مانگ رەنگی زەردەو حوزنی لێدەباریٚ
غەریبی سەرکەلی دوندەکان دایگرتوە
ئەستێرە چاوی کزەو وەك پیرێك
تەمەنی لە تابوشتی خۆی چۆتەوە
لێرە ئاسۆ هەمیشە دڵی تەنگەو
بە فەرهەنگی خەمۆکیەکانی خۆیدا دەچێتەوە،
من لە لێواری ئەم کەندڕە راگیراوم
کە شۆفەلێکی دڕندە پێی دەلێت: "کون فەیەکوون".
دەیەوێت لەم بەهاری تەمەنە" بیٚ هۆ هەڵوەڕێم
"کیٚ دیویە بەهار گوڵ هەڵوەرێنیٚ، ئامۆزا گیان
ئەشیٚ بەختی کورد رەشی بنوێنیٚ، ئامۆزا گیان"
بۆنی تەنیایی دەمکوژێت .. ئامۆزا گیان
بۆنی مەرگی ناوادەو بەزۆرەملیٚ
بۆنی دەستی ئەو هەموو جەلادەی
ریشەیان دەچێتەوە سەر
یەك ئەژدەهای پێنج سەرە.
ئەوان فتوایەکیان بەسە
گەردنی کارژۆڵەیەك
لە بریقەی شمشێرێك مارە بکەن
ئەوانەی هەموو مەرجەعەتەکانیان
دەچێتەوە سەر غەزاو
هەموو خەباتێکیان بە کەنیزەیەك‌و
هەوەسبازی کۆتایی دیٚ.
چ دادێکە
خوێنی من لەخۆیان حەڵاڵ‌و
ئاوی گۆزەی کوێستانەکەم لە خۆم حەرام.
ئەوان لەخاکی خۆما جەلادو
من لەخاکی ئەواندا قوربانی
ئەوان لەویٚ خاوەن ماڵ‌و
من لێرە یەخسیرێکی دەست بەسەر
هەر ئەمشەو.. تەنها ئەمشەو
لیٚ گەرێن باجارێکی تر خەون
بەو هەموو کانیلەو سوێسکەیەوە ببینم
با خەون بە تەشیەکەی پوورە بەهیٚ و
توتکە خڕپنەکانی دەوری باخچەکەمانەوە ببینم،
با جارێکی تر سڵاو لە بۆنی هەوەڵ باران بکەم
کە لەگەردنی سپی رووتی
هەورێکی کۆچەریەوە دەهاتە خوارو
بە شەرمێکی پڕ جەسارەتەوە
دەرگەی حەوشەکەمانی گوڵاو پڕژێن دەکرد.
با لانکەکە بگەیەنمە ئەو ماڵەی تازە مناڵێکیان بوە.
بەڵام بە کێی بڵێم؟؟
وا قورقۆشم دەنووك لە سنگم دەگریٚ،
وا زریکەم تف لە لاپەڕەکانی مێژوو دەکات.
ئای جاڕنامە ماسکدراوەکانی مافی مرۆ
بەو هەموو لاف‌و گەزافی دادەوە
تا دوا دڵۆپە خوێنم لیٚ رژا
تا رۆحم بەدەستی ئەوانەوە
لەم ئاسۆی غەریبیە پژا
چونکە کوردم، هەتا مردم
هیچتان بۆ نەکردم.

# سێبەری نیگار لەجەنگی باکور و باشووردا

ئازیزەکەم (نیگار) سەرەتا بە ژماردنی ڕۆژەکان دەستم پێکرد دواتر مانگەکان، بەڵام لە ئێستادا هیچ کارێکی تر ناکەم، جگە لەوەی کە هیوای گەڕانەوەی تۆم هەیە، لەگەڵ ترسی بێدەنگی بە تێپەڕبوونی ساڵەکان، لەو ڕۆژەی کە یەکتریمان بینی، ئەم جەنگە !، ئەم جەنگە ترسناکە، لەیەك دووری کردینەوە تا دورترین سنوور.

لە کاتی جەنگەکەی نێوان باشووری و باکورییەکاندا، لە شوێنێکدا نزیك ببونەوە لەیەك و هەردوولا، لەنزیکیی یەك ئاگادارن، بەڵام هیچ لایەنێك هێرش ناکەنە سەر ئەوی دی.

باشورییەکان چاوەڕێی هێرشی باکوورییەکانن، ئەوانیش بەنهێنی چاڵێك لەژێر باشوورییەکان هەڵدەکەنن و بۆمب ڕێژیان دەکەن، لە نێوان هەردوو لادا کەروێشکێك لە کونەکەی خۆیەوە سەر دەهێنێتە دەرەوە و بەرەو لایەنی باشووریەکان دەڕوات.

لە حەشارگەی باشورییەکانیشدا سەربازەکان سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ شەڕکردن و یەکێك لەو سەربازانە بە عەرەبانەیەکی دەستیەوە کۆمەڵێك جل و بەرگی بەسەر سەربازەکاندا دابەشدەکرد، دوو سەربازی دیکەش پێکەوە قسەیان دەکرد، یەکێکیان وتی:

ــ ئەو سەربازە زۆر داماوە، زۆر دورە لە وڵاتی خۆیەوە.

کوڕەکەش هەر سەرقاڵی کارەکەی خۆی بوو جل و بەرگی بەسەر سەربازەکاندا دابەشدەکرد و سەربازەکانیش جلەکانیان لێ وەردەگرت و سوپاسیان دەکرد.

هەر بەدەم سەرقاڵی و خۆئامادەکردنی سەربازەکانەوە بۆ شەڕکردن، لە نێوان خۆیاندا پرسیاری ئەوەیان دەکرد،

- ئاخۆ باکوریەکان بۆچی هێرش ناکەن؟

هەموویان بە چەکەکانیانەوە لە ئامادەباشیدا بوون و رووی بۆمب و موشەکەکانیان لە دوژمنەکانیان کردبوو.

کوڕەکەش بە عەرەبانە دەستییەکەیەوە لە نێو سەربازەکاندا دەگەڕا سەربازێك لێی پرسی ئەوە کراسێکت پێی نییە بۆ من بگونجێت؟

لەوێدا کوڕێکی چاوشینی قژ زەرد بەناوی ( ڕەوەند) کە بەهۆی نەبوونی کاتەوە ریشی زۆر درێژ ببوو، لەگەڵ سەربازێکی تردا قسەی دەکرد ئەو سەربازەش شێوەی بە هیندییە سورەکان دەچوو کە قژێکی درێژی هەبوو و وەکو کەزی درێژی کردبووە و پێستێکی ئەسمەری هەبوو.

(ڕەوەند) وتی :

ــ ئەوە کوڕە تەمەنی زۆر منداڵە شایەنی ئەوە نییە لەم شەڕەدا بەشداربێت، وا نییە ؟

کوڕەکەش هەر بەبەردەوامی جلەکانی بە نێو سەربازەکاندا دەبرد و دەهێنا، سەربازەکان هەر یەکەوە لە پەنای حەشارگەیەکدا دانیشتبون ، کاتێك گەیشتە ڕەوەند ، پێی وت:

– بەیانیت باش،

–بەیانیت باش کوڕی خۆم.

–هەندێك پێڵاو و چاکەتم دەست کەوتووە، هیچ ناوێت؟".

ڕەوەند چاکەتێکی هەڵگرت و وتی:

- ئەم چاکەتەم دەوێت سپاس.

هەر لەویندەر کوڕە روخساری هیندیەکە پێڵاوێکی لێی وەرگرتو وتی: هیوادارم ئەم پێلاوە بەرگەی (٤٠٠) میل ڕۆیشتنبگرێت، تا دەگەمە وڵاتەکەی خۆم.

ڕەوەند کتێبێکی بچوکی دەرهێنا، کە لولی دابو و بە پەتێك بەستبووی، شریتەکەی کردەوەو لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ "لە ئێستادا بیری ئەو چەند ساتەی نێوان هەردووکمان دەکەم کە پێکەوە بوین. لە نێوان پەڕەکانی کتێبەکەدا ڕەسمی (نیگار)ی خۆشەویستی دەرهێناو تەماشای کرد و وتی:

خۆزگە بتوانم ئەو کەسایەتیە کەلە ڕەقەم بگەڕێنمەوە،و ئەو شتانەی کە بە یەکمان نەوتووە بیانڵێین".

باکورییەکانیش لە ژێر زەویکەوە خەریکی بۆمبڕێژکردنی سەربازگەی باشوورییەکان بوون.

باکورییەکان لەنێوان خۆیدا دەیانوت:

ــ هێندەمان باروت داناوە بەشی ئەوە دەکات کە کونێك لە ئاسمان بکاتەوە.

ــ بەڵێ، بەیانیەکی خۆشە بۆ داگیرکردن لەلایەن باکوریەکانەوە.

لەو کاتانەدا ڕەوەند ڕەسمی کچەکەی گەڕاندەوە نێو کتێبەکە و خستییە کۆڵە پشتەکەیەوە.

هاوڕێ ڕوخسار هیندییەکە پێی وت:

- ڕەوەند کتێبە کۆنەکەت خەرێکە بە تەواوەتی دەڕزێت.

- بەڵی کتیەبەکەشم وەکو خۆمان جەنگی زۆری بینیەوە

لەوچرکەیەدا کوڕە تەمەن منداڵەکە سەرێکی لە حەشارگەکەوە دەرهێنا بۆ زانینی ڕەوشەکەیان.

سەربازێك پێی وت "نێگەران مەبە باکوورییەکان پابەندن بەدەستووری خۆیانەوە و جارێ هیرش ناکەن.

لەو کاتانەدا باکوورییەکان شقارتەیان نا بە فتیلی بۆمبەکانەوەو سەربازەکانیان لە شوێنێکی کەمێك دوورتر و زۆر بە ڕێکوپێکی لەسەر سکیان ڕاکشان و خۆیان ئامادە کردبو بۆ هێرش کردنە سەر باشورییەکان. بەڵام لە حەشارگەی باشوورییەکاندا ئەو کەروێشکەی لە نێوان هەردوو لاوە دەرچووە دەرەوە لەنێوان دار و سندوقە چەك و تەقەمەنیەکانی باشووریەکاندا سەری دەرهێنا و یەکێك لە سەربازەکان وتی:

ئەوە لە کوێوە هاتی بەخوا خواردنێکی خۆشە، و دەستی برد بیگرێت بەڵام کەروێشکەکە هەڵهات و هەموو سەربازەکان لە جێگەی خۆیاندا دەرچوون بۆ ئەوەی کەروێشکەکە بگرن هەموو و خۆیان هەڵدا بۆ ئەوەی بیگرن سەربازەکان کردیان بە هەرا و لەم بەزەم و بگرە و بەردەیەدا بەدوای کەروێشکەکەدا سەربازێك دەیگوت خۆم یەکەم جار بینیم کەروێشکی خۆمە، ها بیگرە، ها ڕانەکات.

ڕەوەندیش بەچاوێکی پێکەنینەوە دیڕوانیە سەربازەکان ، فتیلەی بۆمبەکەش هێدی هێدی بەرەو بۆمبەکان دەسوتا،

لەو کاتانەدا سەربازێك کە هەر بەدوای کەروێشکەکەدا ڕایدەکرد زەویەکەی ژێر پێی وەکو تلۆق بەرز بۆوە و لەناکاو دنگێکی زۆر بەهێز لەگەڵ ئاگر و گڵدا چوو بە ئاسماندا ،حەشارگەی باشوریەکان بە تەواوەتی تێك شکا و هەموو سەربازەکانی هەڵدایە بە ئاسمان، یەکێك لەو سەربازانە ڕەوەند بوو، ئاگر لاپەڕە لاپەڕە کتێبە کۆنەکەی دەسوتاند تا ئاگر گەیشت بە وێنەکەی نیگار.

*** بیرۆکەی ئەم چیرۆکە لە فیلمی (کولد ماونتن)ەوە وەرگیراوە.**



توانا حەمەنوری

---

## کورتە چیرۆک

# دارەمەیتی بۆندار ...



یاسین برایم

_تەواو دەبێ!

_تەواو نابێ!

_دەزانم ، تەواو دەبێ!

_نا ، نا ، تەواو نابێ!

_ئێستا ، تەواو دەبێت ، برۆ.

_بۆکێ ؟

_تەواو دەبێت ، من لە خەونمدا ، ددانی پێشەوەم کەوت!

_بچینە لای دکتۆر!!

_دکتۆری چی!

_ئەی! ....

_من لە خەونمدا ددانم کەوت ، ئیدی دایکم تەواو دەبێ!

_نانا تەاو نابی!

_تەواو دەبێ تەواوووووو!

لە وەتەی ددان کەوتنی خۆی لە خەون بینی بوو ، شلەژا بوو ، خەم بە روخساریەوە دیار بوو ،جگەرە لە جگەرەی پێدەکردەوە . پێشتر ئەم قسەیەی لە بە ساڵاچوان گوێ لێببوو، کەوتنی ددانی پێشەوەی مرۆڤ بە مانای مردنی کەسێکی وەك دایك و باوك.ئەویش شرۆڤەکردنی ئەم خەونەی لە مێشکی چەسپابوو، بەتایبەتی لە بەیانیەوە ، دایکی زمانی لە گۆ کەوت و ئاگای لە دونیا نەما ،دوو سێ ڕۆژیش پیسایی بە خۆی دادەکردو خواردنیش نەدەخوارد. دکتۆریش لە نەخۆشخانە پێی وتبوو (ئەم نەخۆشە ، ببەنەوە).هەموو کوڕو کچ و نەوەکانی لە دەوری کۆببونەوە ، چاوەڕێ ئەوەیان دەکرد ، کەی گیانی دەسپێرێت.

جارێکی تر ، رووی کردە کوڕە گەورەکەی:

_برۆ دارەمەیتەکە بێنە تا شەو دانەهاتووە.

_خۆ تەواو نەبووە!

_تەواو دەبێ!

_نابێ تەواو بێ!

_کوڕم تەواو دەبێ تەواو!!

بە ناچاری بە فەرمانی باوکی خۆی ئامادەکرد ، لە گەڵ برا بچووکەکەی خۆی بریاریان دا بچن دارە مەیتەکە بهێنن ، لە ماڵ هاتنە دەر ، لە یەکەم کۆڵان لە نێو خۆیان قسەیان کرد بۆ چونیان بۆ نزیکترین مزگەوت .دواتر لە نێوان مزگەوتی (باویل ئاغا ) و( تەکیە) کە هەردووکیان لە نێو بازاری شار بوون ، مزگەوتی تەکیەیان هەڵبژارد. زۆری نەبرد گەیشتنە مزگەوت ، دارەمەیتەکەش لە سەر ئاودەستەکان داندرابوو ، زۆربەی مزگەوتەکانی شار، هەمیشە دارەمەیتەکانیان لە سەر ئاودەستەکان درێژدەکردن و یاخود لە نزیك ئاودەستەکان شوێنکیان بۆ دەستنیشان دەکردن، بەم هاوینە بۆنی پیسایی و بۆگەنی ئاودەستەکان ، لە مێشکی مرۆڤی دەدا و ، لای خوارەوەی ئاودەستەکانیش ، لە بەر بۆنی میزمرۆڤی گێژ دەکرد .بە زۆری پیرەمێردەکان و کەسانی نەخۆش لەوێ میزیان دەکرد.بەشی خوارەوەی دەرگای ئاودەستەکان لە بەر میز شەنگاویان گرت بوو ، کون وکەلێنی گەورەیان تێکەوت بوو . بەشی زۆری خەڵکیش روویان لەم مزگەوتە دەکرد .قەڵەباڵخترین مزگەوت بوو ، کاتی نوێژەکان ئاودەستەکان بەرنەدەکەوتن ، دڕوشم و جنێوو قسە ناشیرینەکانی سەر دەرگاو دیواری ئاو دەستەکان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەیەکی گاڵتەو گەپ دەچوو .هەرچۆنی هەبێت دارەمەیتەکەیان لە سەر ئاودەستە سەر بەرەلایەکان هێنا خوار، هەڵیان گرت . (محەمەد جەرجیس) بەردەوام خزمەتی ئەم مزگەوتەی دەکرد ، کاتێ لە پێش هەیوانەکەی مزگەوت ، چاوی بەم دوو برایە کەوت ، دارەمەیتیان پێ بوو ، وتی :

_کێ مردییە؟

_کەس!

_ئەی ئەم دارەمەیتە چی لێدەکەن !

_بۆ بابمان دەبەین.

_بابتان مردووە!

_نەوەللا!

_ئەی بۆکێ دەبەن!

_بۆ داپیرەمان!

_کەی مردییە!

_هێشتا نەمردیە!!

خەریك بوو بەم قسانە محەمەد حەرجیس تورە بێت ، بەڵام ئەوان زوو فریای خۆیان کەوتن و هاتنەکەیان وبردنی دارەمەیتەکەیان بۆ روونکردەوە .ئەویش بە سەر بادانێك و بە قسەی ( هەتا مرۆڤ نەمرێت دارەمەیتی بۆ چییە !) ئاراستەی کردن .ئەوانیش لە مزگەوت هاتنە دەر ، برا گەورە لە پێشەوە دەرۆیشت وبرابچووکیش لە دوای ، دارەمەیتەکەیان خستبووە سەر شانیان ، هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوونە هەورازەکەی نزیك ماڵیان ، برا گەورە وتی:

_ئەم دارەمەیتە بۆنی لێ دێ!

_بۆنی چی!

_بۆنی گوو!

_بۆنی ئاودەستەکانی گرتووە!

کەمێکی تر ، سەرکەوتن ، برا گەورە بە تورەیی دارەمەیتەکەی دانا (هێربووم!). شوێنەکەیان ئالوگۆڕ کرد، برا بچووکیش هەستی بەم بۆنە کرد ، بەڵام بە بێدەنگی دارەمەیتەکەی هەڵگرت ، تا گەیشتنە ماڵەوە ، لەوێ لە ژێر دارتوەکەی ناو حەوشەکەیان دانا . باوکیان بە بینینی دارەمەیتەکە ، زیاتر خەمبار بوو ، ژنەکان لە ژوورەوەو پیاو کوڕە گەنجەکانیش لە هەیوان لە سەر کورسیەکان دانیشت بوون ، هەندێکیش بە پێوە وەستا بوون ، ئەمشەو هەموویان بەم شێوە ،لە چاوەڕوانی گیان سپاردنی نەخۆشەکەیان بوون ، بەڵام تەواو نەبوو.

بەیانی هەرکەسەکی چاو بە دارەمەیتەکە دەکەوت ، ترس دایدەگرت ، براگەورە چووە لای دار مەیتەکەو ، بۆ ئەوەی بەتانیەکی بە سەر دابدات و لە پێش چاوی خەڵك بشارێتەوە . کاتێ سەیری نێو دارەمەیتەکەی کرد ، پەڕۆیەکی سپی بە کۆکراوەی بینی ، کەلێکیکردەوە بۆ ئەوەی بزانیت چییە ، بێجامەیەکی بە گوو بوو . هەر لە بەر خۆیەوە دەدواوگومانەکانی لێکدەدایەوە، پێدەچێت لەلای کەسێکەوە فرێ درابێتەوە نێو ئەو دارەمەیتە ، کە فریای ئاودەستەکان نەکەوت بێت و خۆی پیسکرد بێت ، هەر لە ئاودەستیش بێجامەکەی لە بەر کردبێت وبە نهێنی خستبێتە نێو دارەمەیتەکە ، شەوی رابردووش هەر ئەو بێجامە بوو ، وای لە برا گەورە کرد لە بەربۆنی گوو لە دارەمەیتەکە بێزار بێت ، لە لایەکی تریش چۆلەکەکانی سەر دارتووەکەش تا بەیانی دارەمەیتەکەیان جێقنەباران کرد بوو . بە بێدەنگی بێجامەکەی فڕێداو دارەمەیتەکەی جوان بە سابوون و تایت شووشت و هەندێك گوڵاوی لێدا. دوای چوار ڕۆژ دارەمەیتەکە بە بەتاڵی مێوانی ئەم ماڵە بوو. تا ئەو کاتەی ئەجەل هات و سڵاوێکی کرد وماڵەکەی پڕکرد لە شین و گریان .

R_xarand@yahoo.com

# کاریگەریی ئەنفال لەسەر بێ ئومێدبوونی پاشماوەی ئەنفالەکان



رابەر رەشید

شالاوە بەدناوەکانی ئەنفال کاریگەرییەکی زۆر ترسناکی لەسەر لەباریەك ترازاندنی شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بێ ئومێدبوونی تاکی کوردی، بەتایبەتی -پاشماوەی ئەنفالەکان- کردو بە جۆرێك شێواندی کە زۆر ئەستەم و مەحاڵە نەوەکانی ئێستاو ئاییندە وا بە ئاسانی بتوانن ئەو ئومێد و شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تۆکمەیەی کە جاران لەنێو لادێکانی کوردستاندا هەبوو، بەر لە ئەنجامدانی شالاوە بەدناوەکانی ئەنفال، جارێکی دیکە بیگەڕێننەوە دۆخی جارانی خۆی و ژیانێکی ئاسایی بخەنەوە بەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا بریندارە، تەنها بە هەوڵ و کۆششێکی دڵسۆزانەی خەمخۆران و بڕیار بەدەستان نەبێ، کە ئەویش تاکو ئێستا هەنگاوێکی ئەوتۆی بۆ نەنراوە، چونکە پاشماوەی (ئەنفالەکان)، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە چڕنووکی بەعس و موستەشارو جاشە کوردە خائینەکان و پیاوەکانی دیکەی بەعس دەربازیان بوو بوو و زۆربەیان بەسەریەکەوە لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان پەستێنرابوون و هەندێکیانیش لە ترسی جەللادەکانی بەعس لە شارو شارۆچکەکاندا گیرسابوونەوەو بە پەرتەوازەیی ژیانیان دەگوزەراند و بەجۆرێکیش لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیان کە هەر ڕۆژێکیان مردنێك بوو بۆخۆی، ئەمە جگە لەو گۆڕانکارییە کتوپڕەی کە بەسەریاندا هات لە ژیانی لادێوە بۆ شارو تێکەڵ بوون بە جۆرە ژیانێکی نوێ کە پێی ئاشنا نەبوو.

هەڵبەتە هەر میللەتێکیش ئەگەر شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەبار یەکتر ترازاو بێ ئومێدی باڵی بەسەردا کێشا، زۆر بەتایبەتیش لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا کە کۆمەڵگای باشووری کوردستانیش بەشێکی دانەبڕاوە لەو کۆمەڵگایە، ئیدی کاریگەری بۆ سەر زۆرێك لە پەیوەندییەکانی دیکە دەبێ و کۆمەڵگا دووچاری شپرزەیی و سەرلێشێوان دەکات و گیانی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەو بڕوا بەخۆبوونی تێدا ناهێڵێت. هەر کەسێکیش کە گیانی بەرخۆدان و خۆشەویستی بۆ ژیان تێدا نەمێنێت، توانای داهێنانی تێدا وشك دەکات و کۆمەڵگایەکی داڕووخاو و هەش بەسەر بەرهەم دەهێنێت.

کۆکردنەوەی پاشماوەی ئەنفالەکان و ژیان لەنێو قۆزاخەی ترس و تۆقیندا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دووچاری داهێزران و هەرەسی دەکردن. دابڕاو لە خوێندن، دابڕاو لە هەرەوەزی و هاوکاری، لە گیانی لێبووردەیی لەلایەن کەسانی دیکەوە..تاد، کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنا کە متمانەی بە هیچ



www.kurdiu.org

نەمێنێت و لە سەرەتادا ئینتیمای بۆ نیشتیمان بێهێزو دواتریش خۆی وەکو کەسێکی مێوان لەسەر زەوییەکی نامۆ ئەژمار بکات، واتە لەسەر خاك و زێدی خۆیدا نامۆو سەرگەردان، ئەوەی زیاتریش باروودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، هاتنەکایەی قۆناغێکی نوێی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بوو، چونکە پاشماوەی ئەنفالەکان لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە هەموو کەسێك زیاتر خودی پاشماوەی ئەنفالەکان بەهیوای ئەوەبوون لە سایەی پەرلەمان و حکومەتی خۆماڵیدا گیانیان دێتەوەبەرو ئەو بارە قورسەی سەرشانیان سووکتر دەبێت، کاتێکیش بە کردەیی بینییان ئەوەی بەلایاندا نایەت ئەو پەرلەمان و حکومەتی هەرێمە خۆماڵییەیە، ئیدی هەر بە جارێك پرزەیان لەبەر بڕا، دواتریش ئەو گرانییە گورچکبڕەی کە لە دوای شالاوە بەدناوەکانی ئەنفالەوە لەلای پاشماوەی ئەنفالەکان دەستی پێکردو تا ئێستاش لای زۆربەی هەرەزۆریان درێژەی هەیە، کاریگەریی ترسناکی کردۆتە سەریان، بەڵام کێشە نییە چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوەو نەخۆشی کۆمەڵایەتیش نییە بنەبڕ نەکرێت.

کەواتە چی وا دەکات شیرازەی کۆمەڵایەتیی پاشماوەی ئەنفالەکان تۆکمەو پتەو بکاتەوەو لەو نائومێدی و نەهامەتییەیان ڕزگار بکات؟

پێموایە بە جێبەجێکردنی ئەم پێداویستییانە هەنگاوێك بۆ دووبارە بەیەکتری گرێدانەوەی شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پاشماوەی ئەنفالەکان دەنرێت و کەمێك لەو بارە نائومێدییەی کە ساڵانێکە تێیکەوتوون، کەمتر دەبێتەوە، لەوانەش:

١. هێنانەوەی ڕوفاتی سەرجەم ئەنفالکراوەکان و بەخاکسپاردنێکی شایستەو لە شوێنێکی شیاو.

٢. جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لە: لە سێدارەدان و سزادانی ئەوانەی کە دادگایی کراون و چیتر لەژێر پەردەی جودا جوداو بیانووی جۆراوجۆردا پاساو بۆ پاراستنیان و ڕزگارکردنیان لە پەتی سێدارە نەهێنرێتەوە.

٣. دادگایی کردنی سەرجەم ئەو موستەشارو جاشانەی کە بە کردەیی بەشداریی شالاوەکانی ئەنفالیان کردووەو هیچ پاساوێك بۆ لێبووردنیان قەبوڵ نەکرێت، بە تایبەتی ئەو موستەشارانەی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە داوا کراون و لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندان و هەندێکیان پلەو پایەشیان پێدراوە.

٤. دابینکردنی مووچەیەکی شایستەو فەراهەم کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ پاشماوەی ئەنفالەکان.

٥. دۆزینەوەی هەلی کاری گونجاو بۆیان، بەتایبەتیش گەنجەکانیان و ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە.

٦. بایەخدان بە لادێکان و هاوکاریکردنی جووتیاران بەشێوەیەك کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێت.

٧. دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی گەورەو کۆکردنەوەی وێنەو زانیاری لەسەر تەواوی شەهیدانی ئەنفال.

٨. چیتر حزب یادی ئەنفال نەحزبێنێت و بەشێوەیەکی نەتەوەییانە ئەو یادە بەڕێوەبچێت.

جێبەجێکردنی ئەمانەو چەندین داخوازی و پێداویستیی دیکە، لەوانەیە بتوانێت هیواو ئومێد بۆ دەروونی پاشماوەی ئەنفالەکان بگەڕێنێتەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشیان تۆکمە بکاتەوە.

---

# ئەنفال!؟ تاوانێک، تەمەن درێژ.. برینێک، تینو بۆ سارێژ..

ئومێد گێڵەرەیی

گەر بە ووردی بۆ هۆکارو ئەنجامەکانی پرۆسەی بەدناوی (ئەنفال) لێکۆڵینەوە بکەین. ئەوا بە دڵنیایی ئێمەی کورد وەك خۆمان، بەبێ پشك قوتارنابین لە بەشداریکردنمان لەو پرۆسە سیاسیو قڕکردنە سەربازییەدا!، ئەگەر بە بێئاگایی بێت یان ناڕاستەخۆ!، بڕیاردانی سیاسیانەو هەڵە، یان شێوازی مامەڵەی سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمەی کە شالاوەکانی تیادا ئەنجامدراوە، یان بەهۆی شێوازی مامەڵەی ئێستای دەسەڵاتی کوردییو دەستەوسانیی بەردەوامی بێت لە ئاست بێسەرو شوێنکراوان یان لە ئاستی کەسو نزیکەکانیاندا!..

(تەیمور) ئەو تاکە منداڵەی گوندی کوڵەجۆی گەرمیان کە لەکاتی جێبەجێکردنی زیندەبەچاڵکردنی خێزانە کوردییەکاندا لە بیابانەکانی عێراق بە برینداری توانی هەڵبێتو خۆی لەو مەرگەساتە ڕزگار بکات. لە یەکێك لە دیدارەکانیدا لە سەرەتایی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا دەڵێت: یەکە کوردییەکانی خۆمان کە پێیان دەوترا(جاش)و لەژێر فەرمانی سوپای عێراقیدا کاریان دەرکرد، ئەوان بوون هاتنە ناو گوندەکەی ئێمە. پاش تاڵانکردنی گوند ئینجا خۆشمانیان ڕادەستی سوپای عێراقیی کرد!..

گەر سەرنج بدەین. نەك هەر لەو بەروارەی کە تەیمووری منداڵ ئەو دیدارەی لەگەڵدا ئەنجامدەدرێت، بەڵکوو دووای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانو بە درێژایی بیستو یەك ساڵی تەواو لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانو تا ئێستاش، نەمانبینیو نەمانبیست کە تەنها ڕاوێژکارێك (مستشار) کە لە بەرژەوەندی بەعسو دژ بە گەلەکەی خۆی ڕاستەخۆ بەشداری لە پرۆسەو قۆناغەکانی ئەنفالدا کردبێت، ڕووبەڕووی دادگایەکی دادپەروەرانە کرابێت.. ئەو پرسیارەی کە لەناخی هەر تاکێکی کەسوکاری ئەنفالکراواندا دروست دەبێتو ناتوانن گوزارشتو دەربڕینی تەواوی بۆ بکەن ئەوەیە.. ئایا ئەگەر شوێن بزرکردنی (١٨٢) هەزار مرۆڤی سڤیل تاوان بێت!، ساڵانەش لە چەندین شوێنی جیاجیای کارەساتەکاندا یادیان بۆ بکرێت!، چ لۆژیکێکە کە (٢٥٨) ڕاوێژکاری سەر بە دەسەڵاتی بەعس سەربەست دەکرێنو تا ئێستاش تەنها یەکێکیان ڕوبەڕووی دادگا ناکرێنەوە؟!. لە کاتێکدا بەڵگەی تاوانبار کردنیان لە چەندین دۆکۆمێنتو گرتەی ڤیدیۆیدا لەبەردەستدانو بە ئاسانی چنگ دەکەونو تاوتوێ دەکرێن!؟..

هەر ئەو پرسیارانەی هاوشێوەی ئەو پرسیارەن، بوونەتە هۆی دروسبوونی غوبنو هەستێکی نامۆی پەنگخواردوو لە ناخی هەر تاکێکی کەسو کاری ئەنفالکراواندا!، کە بەهۆیەوە هەست بە فەرامۆشکردنو بێنرخکردنی ڕۆحی بێسەروشوێنو دۆزەکەیان دەکەن لەلایەن بەرپرسانو کاربەدەستانی هەرێم!..

گەر بڕوانینە ئاکامی شالاوەکانی پرۆسەی ئەنفالو قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ئەوا دەتوانین بڵێین: ڕوخان و یەکسانکردنی زیاتر لە (٢٠٠٠) گوند لەگەڵ زەیدا، کوشتنی هەزاران هاوڵاتیو نیشتەجێکردنی زۆرە ملێی نیو ملیۆن هاوڵاتی لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا، شوێنبزرکردنی پتر لە (١٨٢) هەزار هاوڵاتی کوردستان و زیندە بەچاڵکردنیان لە ناوچە چۆڵو بیابانەکانی عێراقی لێکەوتەوە!..

لە دووای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، نەتوانرا ئەو گوندانە بگەڕێندرێنەوە بۆ سەر شێوە سروشتیە بەرهەمهێنەکەی کە سەرچاوەی درێژە پێدانی شۆڕشو دابینکردنی بژێویی سەرجەم هێزی پێشمەرگەو حیزبە کوردستانییەکانی شاخ بوون.. هەروەها ئەو گوندانە لە هەردوو بوارەکانی کشتوکاڵو ئاژەڵداری لە تواناییاندا هەبوو بەشی ناوخۆییان پاشەکەوت بکەنو بەرهەمە زیادەکانیشیان هەناردەی ناو شارو دەرەوەی کوردستانیش بکەن!.. ئەو فەرامۆشکردنو پشتگوێخستنەی حکومەت بۆ ئاوادانکردنەوەی گوندەکان لە سەرجەم بوارە خزمەتگوزارییەکاندا، بوونە هۆی مانەوەی خەڵکی لە کۆمەڵگا زۆرە ملێکان، بوونی ئەو کۆمەڵگایانەش بە شوێنێکی نیشتەجێی هەمیشەییو مراندنی ئەو زەوییە کشتوکاڵییە بە پیتانەی کە لەسەری بنیاتنرابوون!.. هەروەها دابیننەکردنی ژیانێکی سەردەمیو شارستانیانە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوانو نەگێڕانەوەی تەواوی ڕوفاتی ئەنفالکراوان لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا، برینی شالاوەکانی ئەنفالی تا ئێستاش وەکو خۆی بە سارێژنەکراوی هێشتووەتەوە!.. هەر ئەو هۆکارەشە هەموو ساڵیادێك لە ڕەنگو ڕووی کەسو نزیکەکانی ئەنفالکراواندا تێبینیی ماتەمو جۆرە خەمگینییەك دەکەین کە بۆ ئازیزێکی تازە لە دوونیا دەرچوو دەکرێتو ئەنجامدەدرێت!؟.

هەر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو ساڵێك پێش یادکردنی ئەنفالو جارێکی تر بیرخستنەوەی ناسۆرەکانی، باسی ئەوە بکرێت کە لەم ساڵی ڕابردووەدا چ کارێك ئەنجامدراوە بۆ کەمکردنەوەی ئازاری کەسو کاری ئەنفالکراوان کە خرابێتە سەر ساڵانی پێشترو چی تر خۆمان لەو یادکردنە کلاسیكو سوواوانە دوور بخەینەوە کە تەنها تازەکردنەوەی ئازاری تیادا دەبینرێت بۆ کەسوکاری ئەنفالو زیاتر توڕەکردنی خەڵك لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی بێباكو دەستەوسان لەبەرامبەر ئەو تاوانە بەردەوامو پڕ لە مەینەتییەدا!..

omedgoll@yahoo.com



# کێ بەرپرسە لە بەئەکادیمی کردنی پرسی ئەنفال؟



بەختیار عەلی لە کتێبی (چێژی مەرگ دۆستی) دا ئاواباس لە ئەنفال دەکات (کاتێك حزبە ناسیۆنالیزمەکان ئەنفال ناکەنە ئەو هەوێنە مەعنەوییەی کەدەشیا هەمومان لەدەوری یەکمان بگرتایەتەوە ئەواناسیۆنالیزم لەدۆخی پاشە کشەدادەبێت لەستراتیژە گەورە کانی خۆی ئیدی ناچار دەبێت بەسەر ئێسقانی قوربانیە کاندا ڕێ بکات ناسیۆنالیزمێك کەناتوانێت ناسیۆنالیزم بێت لەترسی ئەو سیاسەتە ئیقلیمیەی کەتا بیناقاقای خۆی تیا نوقم کردوە ناتوانێت دروشمە کانی خۆی بەرز بکاتەوە ناتوانێت باس لە ئەنفالیش بکات چونکە ئە نفال ئەو بابەتەیە کەدەمان باتە سەر گۆڕینی هەمو ئەخلا قیاتی سیاسی ئەوەی ترسی هەبێت لە دروشمە کانی خۆی ناتوانێن باس لە قوربانیە کانیش بکات هیچ گروپێکی کوردی جور ئەتی ئەوەی نیەکە تە حەمولی دەرئەنجامە سیاسیەکانی ئەنفال بکات، چونکە جەوهەری هەرسیاسەتێکی ڕاستە قینەی کوردیانەی دوای ئەنفال دەبێت گواستنەوە بێت لەپارستنی گروپ وەتاك وەبواره لۆکاڵیەکان بۆ پاراستنی سە رجەمی قەوارەی نەتەوەی ئێمە)

ئەنفال مەرگێکی دەستە جەمعیە جیاوازە لەسەر جەم ئەو مەر گانەی لەکوێ فەرهەنگی مرۆڤایەتیدا جێ بە جێ کراون ئەوانەی پرۆسە ئەنفالیان ئەنجام داوە خالّی بون لەهەمو هەستێکی مرۆی پێکهاتەی ئەوان دروست بوە لە سەرجەم ئەو ڕەمەکە ئاژەڵیانەی کەبەشێکن لە مرۆڤ، ئەنفال چیرۆکێکی هێند حەسرەت ناکە لەلای سەرجەم کەسوکاری ئەو قوربانیانەوپاشماوە بە جێ ماوە کانیان هەرکاتێك ئەوڕۆژە دێت کە ئەو قەساب خانەیەی تیا ئەنجام دراوە هەموو ئەحەپەسێن کەتوانای گوزارشت کردنیان نیە لەو ڕۆژە شومە، بەڵام بەلای جەلادە کانەوە ڕوداوێکە وەك ئەو ڕوداوانەی کەلە مێژووی ڕەشی خۆیاندا ئەنجامیان داوە ئەکرێت بڵێین شانازی پێوە دەکەن لەسەرشاشەی تیڤیەکان ئێمە ئەگەر بمانەوێت قسەلەو جەرە یان وە کارە ساتە بکەین بەدڵنیایەوە دەڵێم هیچ وێنە کێشێك ناتوانێت تابلۆیەك بکێشێت کە گوزارشتی لێبکات وە هیچ میوزیك زانێك ناتوانێت میلۆدیە یاخود بەرهەمێك دانێت بە ئەندازەی قەبارەی ئەو ڕوداوە هیچ شاکار نوسێك ناتوانێت قیژەو دەنگی منداڵێك وەیان هەناسەی ساردی ژنێك بکاتە شاکارۆئەوەندەی گەورەی خۆی حەقی پێبدات بەبڕوای زۆر لە چاودێران ئەوەی دەتوانێت ڕستەیەك یاخود قسەیەك لەسەر سەرجەمی لایەنە شاراوە کانی ئەو کارە ساتە بکات کە هێشتا نەی کردوە لەبەر ئیفلاسی مەعریفی لەوناوەندەدەدا دەزگایەکی تایبەتی وەك زانکۆیە کەسالأنە دەبێت دەیان توێژینەوەی زانستی لە سەر ئەو پرسە بکات وەسەر جەم لایەنە کانی شیکار بکات وەشتی نوێی لێهەڵبهێنجێت، کارە ساتی ئەنفال ئەگەر بتەوێت وەك کەرەستەیەکی ئەکادیمی بەکاری بهێنیت دەبێت لێکۆڵینەوەی ورد توێژینەوەی زانستی چڕی لە سەر بکەیت چونکە ئەو کارە ساتە چەندین لایەنی شاراوەی هەیە کەهێشتا هیچ کەسێك نەی توانیوە پەی پێببات، دەکرێت ئاماژە بەچەند لایەنێکی گرنگیان بدەین بەو ئومێدەی ببنە بەر چاو ڕونیەك بۆئەوانەی دەیانەوێت کاری لە سەر بکەن:–

١ـ لایەنی دەرونی ئەو قوربانیە بەجێ ماوانە کەمن پێم وایە فەرامۆش کراوترین لایەنە کە تا ئێستا قوربانیەکان پێیەوە دەناڵێنن ئەوان نەخاوەنی سەنتەرێکی دەرونی نین بۆئەوە پاشماوە ئەو کارە ساتە تیایدا چارە سەر وەرگرن.

٢ـ لایەنی ئابوری ئەم لایەنەش ئەکرێت بڵێین بە پێی گەورەی کارە ساتە کەئەوەی بۆی کراوە لەئاستیدا نیە.

٣ـ لایەنی کۆمەڵأیەتی ئەوانەی کەپاشماوەی ئەنفالن بەتایبەت ئافرە تەکانیان بەدەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنن تائێستا هیچ کەس نەی توانیوە گوزارشت لەو تەنهایەیان بکات.

٤ـ لە هەموی ناخۆشتر ئەنفالچی و جەلادە کانی ئەو کارە ساتەبەبەر چاوی کەسوکاری قوربانیە کانەوە پلەو پایە یان پێدەدرێت دەپارێزرێن لەناو هێزە فەرمان ڕەواکانی کوردستانی باشوردا.

٥ـ داخستنی مەلە ڤی جاش و موستە شارە کان لەناو دادگاکانی ئەم هەرێمە فیدراڵەدا.

٦ـ نەبونی ئامارێکی وردی زانستی سەبارەت بە قوربانیانی ئەو کارە ساتە ئەوەشی کە هەیە پشت بەستو نیە بەهیچ بەڵگەیەکی زانستی

٧ـ نەبونی فەرهەنگێك سەبارەت بە ئەو چەمکانەی کە لەو تراژیدیاەدا جەلادەکان لە گەڵ قوربانیە کاندابەکاریان هێناوە.

٨ـ بەحزبیکردنی ئەو بۆنەیەو بەش کردنی شەهیدەکان لەنێوا هەردو هێزە فەرمان ڕەواکەدا کە ئەمە زیانێکی زۆری گەیاندوە بوڕۆحی پاکی ئەو قوربانیانە.



جەبار ئەحمەد

# زوو دەگەڕێمەوە !!

کەیفی ئەحمەد

لەو ڕۆژەوەی کە خودا مرۆڤی دروست کردووە و ژیانی پێبەخشیوە لە بەرامبەریشیدا مەرگ و مردنیشی بۆ داناوە، کە ئەوەش یەکێکە لە حیکمەتەکانی خودا بۆ مرۆڤایەتی، جا مرۆڤ هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی خۆی دەخاتەکار بۆ ئەوەی لەو تەمەنە کورتەی یان ئەو سەفەرە کورتەی کە بەنێو ژیانی کاتی دونیادا تێدەپەڕێت بتوانی زۆرترین خۆشی و لەزەت لە نیعمەتەکانی خودا وەربگرێت. مەرگ یەکێکە لە گەورەترین کارەساتەکان کە هەموومان دەبێ ببینین و بەو پردەدا بپەڕینەوە بۆ قۆناغێکی تری ژیانی نە بڕاوە، جا لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە چۆن و بەچ جۆرێك مەرگ پەلکێشمان دەکات، بە مرگێکی ئاسایی یان بەکارەسات یان غەدر و زۆری کەسانی دڕندە و بێویژدان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو یەخەمان دەگرێ و بەرەو ون بوون ڕاپێچمان دەکات. زۆر ئاساییە کە مەرگی ئازیزێکمان دەبینین، چونکە ئەوە سونەتی ژیانە دەبێ یەك مەرگی ئەوی تر ببینێ و هەمووکەسێکیش ئەو بارودۆخە دڵتەزێنەی بینیوە، کە دەمرێ و دەیشۆن و کفن و دفنی دەکەن و لە گۆڕێکی شایستە و ئاشکرادا دەی نێژن، کە زوو زوو سەردانی دەکەی و دەبێتە سێبووری و دڵنەوایی بۆ کەسەکە، بەتەواوی و هەموو قەناعەتەوە بڕوا بەمەرگیدا دەنێ، وردە وردە مەیلی دەنێ و خەمەکانی کەم دەبنەوە و دەچێتە ژێر باری ئەو واقیعەتاڵە. بەڵام بەدیوێکی تردا کە تۆ خۆشەویستێکت بە ساغ و سەلامەتی لە ماڵ بچێتە دەر و نەگەڕێتەوە بۆ هەتا هەتایە، چۆن دەتوانی بڕوا بەمەرگی بکەی، چونکە هیچێکت لەمانەی پێشەوە کە باسمان کردن بە چاوی خۆت نەبینیوە بۆیە هەمیشە و هەموو کات چاو لە ڕێگەی بۆ گەڕانەوەی... ئەو حاڵەتەش زۆرێك لە خانەوادەی نەتەوەکەمان لە پرۆسەی ئەنفالەکان دووچاری هاتن و تا ئێستاش هەر چاوەڕێی باوك و دایك و ژن و مێرد و کوڕ و کچ و برا و خوشك ومام و خاڵ و.... یانن، کە لەناکاو ئەمڕۆ یان سبەی، ئێستا یان چەند کاتژمێرێکی تر خۆیان دەکەنەوە بە نێوماڵە پڕ لە حەسرەتەکەیان.. دیارە چەندین چیرۆك و بەسەرهاتی لەم چەشنەمان بیستوە و ڕوویانداوە ، کە بەعسییە خوێن ڕێژ و گۆڕ بە گۆڕەکان بەسەر ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانیان هێنا، کە گشت کونج و کەلەبەرێکی بیابانەکانی خوارووی ئێراق بووە بە گۆڕستانی ڕۆڵە خێر لەخۆ نەدیوەکانی ئەم گەلە قارەمانە. ئەم چەند دێڕەش یەکێکە لەو جۆرە چیرۆك و بەسەرهاتە تراژیدیانە.

نوری کوڕی حاجی عومەر گەنجێکی جوان و چاوشین و باڵابەرز بوو، تەمەنی بیست و هەشت ساڵان بوو، لە بنەماڵەیەکی ناودار و خانەدانی گوندی (چیوەی حاجی بەدیع )ی ناوچەی خۆشناوەتی بوو، خێزاندار بوو کوڕێك و پێنج کچی هەبوو، ژیانێکی خۆش و ئاسودە دەژیا لەگەڵ خانەوادەکەی، تارۆژێك لە ڕۆژانی ساڵی ١٩٨٨ سەفەردەکات بۆ شاری کۆیە، بۆ ئەوەی دوو ژنی خزمی ببات بۆ لای دکتۆر و بەنزینیش وەرگرێ بۆ سەیارەکەی، و سەردانی خزمانیشی بکات لەو شارە، بەیانی کە بەڕێکەوت بۆ سەفەر خێزانی دڵنیا دەکاتەوە لەوەی کە ئێوارە زوو دەگەڕێتەوە و نیگەران نەبن، بەڵام قەدەر شتێکی تری لە هەگبەدا بوو بۆی، ئەوە بوو هاتە شار و کارەکانی خۆی تەواو کرد، دەوروبەری سەعات (٣)ی دوای نیوەڕۆ ڕووە و هێلانە ئارامەکەی گەڕاوە، کاتێ کەدەگاتە پاسگەی دەروازەی کۆیە بۆ ڕانیە، ڕێگەی دەرچوونی لێدەگرن و لێناگەڕێن بڕوات، چونکە بەپێی یاسای ئەو کاتی بەعس لە سەعات(٣)ی ئێوارە ڕێگاکان دادەخران، هەرچەندەی هەوڵدەدات بەڵام بێسوود دەبێت، بۆیە بەناچاری دەگەڕێتەوە و دەچێتە ماڵی حاجی حەمەدی خزمی، و ئەو شەوە بەخۆشی دەبەنەسەر و ڕۆژدەکەنەوە، بەڵام چ ڕۆژێك ! هەر لەگەڵ گزنگی بەیان بە بڵند گۆکان بانگەوازیان کرد کە هاتوچۆ قەدەغەیە( منع التجول) . پاسەوانانی کۆماری و سەربازەکان بەناو شەقام و کۆڵانەکانی شار بڵاو بوونەوە و ماڵ بەماڵ دەگەڕان، سەدان کوڕو کچی گەنج و ژن و پیاو پیریان قۆڵبەست کرد و ڕاپێچی سەربازگەکانی چوار دەوری شاریان کردن، یەکێك لەو گیراوانە( کاکە نوری) بوو، کە لەنێو ماڵی ئەو خزمەی دەیگرن، بەتاوانی ئەوەی کە راکردوی سەربازییە، یان گومانیان لێیەتی و هەتا سەربازگەی دەبەن و پاشان ئیزنی دەدەن، بەڵام ئەو ڕۆیشتنەی کە ڕۆیشت ئیدی نەگەڕایەوە. هەر دوو ژنەکەی خزمی کە لەگەڵی هاتبوون بەتەنیا و بەبێ کاکە نووری بەرەو گوند گەڕانەوە، ئای کە مەوقیفێکی ناخۆشە، چۆن و بە چ شێوەیەك بە خێزان و منداڵەکانی بڵێن کە بۆ بەتەنیا و بەبێ هاوەڵە کەیان گەڕانەوە، ئەو هەڵوێستە هەر بە باس کردن خۆشە ئەگینا لە واقیعدا کەم کەسمان دەتوانێ لە ئاستیدا نەتاسێ، چەند مانگێکی نەبرد دایکی لەتاوی ئەو سەری نایەوە، باوکیشی هەمیشە لەبەر خودا دەپاڕایەوە کە بەر لەمەرگی بە دیداری کوڕە شیرینەکەی شادبێتەوە، بەڵام ئەویش ئەو هیوایەی بردە ژێر گڵەوە. لەو ڕۆژەوە تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت خانەوادەکەی هەرچاوەڕێن کە بگەڕێتەوە، هەرگیز ناتوانن بڕوابکەن کە مەرگ پەلکێشی کردووە بۆ ئەو دنیا، چونکە ئەو خۆی بەڵێنی پێداون کە زوو دەگەڕێتەوە بۆ لایان...



# هیچ کەس و دەسەڵاتێك رێگە پێدراو نییە بۆ لێخۆشبوون لە تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی كوردستان

دادگای بـاڵای تاوانـەكان لـە رۆژی ٢٤ی حـــوزەیرانی ٢٠٠٧ بڕیـــاری دەســـتگیركردنی ٤٢٣ تۆمـــەتباری دەركرد لەكاتی بریاردان لە كەیسی ئـەنفال لەوانـە ٢٥٨ كەسـیان بـە رەچـەڵەك كـوردن ولـەو جـاش وموستەشارانە پێك هـاتون كە لـە پـێش سـوپای عێراقـەوە هەڵمـەت بـەربوون بـۆ ئەنجامـدانی زنجـیرە تـاوانی ئـەنفال كـە هـەموو رووبـەری گوند نشینی كوردستانی گرتـەوە لـە ساڵی ١٩٨٨دا، ئـەو بڕیارەی دادگا بەپێی مادەی ٩٤/أ لـە یاسای ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ واتـە یاسایی (ئوسوڵی دادگـایی كردنـی سـزاییەكان) لـە سنوری هـەموو پارێزگاكـانی عێـراق وتەنانـەت لـەناو باڵوێزخانـە ودامـو دەزگا عێراقیەكانی دەرەوەش دا جێ بەجێ كردنی پێویستە وئەو بڕیارە كۆن نابێـ تـا دادگا خـۆی پاشـگەز بێتـەوە لـە بڕیارەكـە یـان تۆمـەتبار دەستگیر بكرێت یان كۆچی دوایـی بكات، ئەوە لەباری ئەنجامدانی هـەر كەتن یان تـاوانێكی ئاسـاییدا، بـەڵام ئەو تاوانانەی كە لە دوو توێی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ واتـە (یاسای دادگای باڵای تاوانـەكان)دا هـاتووە و لەمادەكانی (١٤,١٣,١٢,١١)ا باسیان لێـوە كـراوە هـەموو لـە چوارچێوەی تـاوانی نێودەوڵەتیـدان وكۆمـەڵگای نێودەوڵـــەتی لەســـەریان هـــاوڕا وهاوبڕیـاره وپرۆتۆكـۆڵی یاسـایی لەسەر واژۆ كراوە وعێراق یەكێكە لەو ئەندامانـەی نەتـەوە یـەكگرتووەكان كـە خـۆی پابەنـد كـردووە بـە جـێ بەجێكردنی هەموو بەندەكانییەوە.

بەســەر ســورمانەوە لێــرە ولــەوێ هەنــدێ جــار لــە چــاوپێكەوتنی تۆمـــەتباران لـــە كەناڵـــەكانی راگەیاندنەوە گوێمان لـێ دەبێـت كـە سەركردە وسـەرۆكایەتییەكانی هـەرێم گفتیـان بـە تاوانبـاران دابێـت كـە رادەسـتی دادگایـان ناكـەن ورێگـە نادەن بڕیاری دادگایان لەسـەر جـێ بەجـێ بكرێـت، تـۆ بڵێـی راست بێـت وكەسـانێك لـە سـەركردایەتییەكانی هـەرێم پـێ یـان وابێـت شـكاندنی سەروەری یاسا ئاسایی بێت وبیـر لـە بەخـشینی ئـەو توێـژەی تاوانبـاران بكەنـەوە كـە تـاوانی جینۆسـاید وجۆرەها تاوانی نێودەوڵەتی قەدەغە كراویان بەرامبەر گەلەكـەمان ئـەنجام داوە لەكاتێكـدا كـە یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ٢٠٠٥ بـە روونـی لـە مادەی ٢٧ بڕگەی دوو دا دەڵێت ئـەو تۆمەتبارەی تێوەگلانی لە تاوانەكانی نێـــو مـــادەی (١٤,١٣,١٢,١١)ەوە بەسەردا بسەپێ ئـەوا بۆ هـیچ كـەس ولایەن ودەسەڵاتێك نیە لێیان ببورێت وئـەبێ بڕیارەكـەی دادگا بێتـە جـێ بەجێ كردن، هەروەها بەپێی مـادەی ١٥ی هـەمان یاسا هـەر لێبـوردنێكی گشتی یـان تایبـەتی پـێش دادگـایی كـردن بـۆ تاوانبـاران دەرچـووبێت پوچـەڵ دەبێتـەوە وتاوانبـار ئـەبێ لەبەردەم دادگادا ئامادە بكرێت.

بێگومـان دادگـای بـاڵای تاوانـەكانی عێراق یەكێكە لە دەستكەوتە زێرینـە مێژوویـیـەكانی دوای روخـانی رژێمـی صدام وهەلێكی یاسایی رەخساوە بۆ گەلی كوردستان كە بەهۆیەوە هەموو ئەو تاوانانـە بسەلمێنێت كـە بـەهۆی رژێمـــی بەعـــسەوە لەســـەرمان ئەنجامـــدراوە وبڕیارەكـــانی دادگـــا بكەینـە زامنی دووبـارە نەبوونـەوەی ئـەو تاوانانـە وهـەروەها بەهۆیانـەوە قـــەرەبووی شـــیاوی زیانلێكـــەوتوانی دەستی رژێم بكرێتەوە، بـەو هۆیـەوە ئەركی یاسایی ونەتەوەیی ورەوشـتی دەســـەڵاتەكانی هەرێمـــە زۆرتـــرین هاوكـــاری لەگـــەڵ دادگـــای بـــاڵای تاوانـەكان بكـەن وبـەزووترین كـات تاوانبارانی جینۆساید رادەستی دادگا بكەن و چیتر رێگە نەدەن تۆمەتباران بـە ئـازادی لـە هـەرێمی كوردسـتان بگەرێن ولە دەزگاكانی راگەیاندنـەوە هێرشـی نـارەوا بكەنـە سـەر دادگـا ودەسەڵاتەكان وسوكایەتی بـە یاسا بكەن وهەروەها بەپارەو پـول ومـاڵی گـشتی خـەڵكی هـەرێم دیواخـان برازێننـەوە وپلـە وپایـەی گـەورەیان هەبێت وپاسەوانی فـەرمیان بـەدواوە بێت وهەرچی زوتر بڕیاری دادگایان لەسەر جێ بەجێ بكرێت.

هەرچـەندە زۆرێك لەوانە وبەتایبـەت ئەوانەی كەلای رژێم تـادوا ساتەكانی مابونەوە ئێستا لـە دەرەوەی عێـراق ژیـان بەســەر دەبــەن وهــەموویان شـــوێنیان دیـــارە، وە بـــەپێی پرۆتۆكـــۆڵی نێودەوڵـــەتی بـــۆ قەدەغەكردنی تاوانی جینۆسـاید كـە ساڵی ١٩٤٨ دەرچوە، ئەكرێ هـەموو ئەوانەی بە بڕیاری دادگا رادەسـتی عێـراق بكرێنـەوە دوای ئـەوەی لـە رێگـەی پۆلیـسی نێودەوڵەتیـەوە (ئینتــەرپول) بڕیــاری دەســتگیر كردنیـان دەنێردرێتـە ئـەو وولاتانـە، هـەروەها قەدەغـەكراوە كـە ئەوانـە مـافی پەنابـەریان هـەبێت ولەهـەر جێیەكی دونیابن هێنانـەوەیان تـەنها بەكاتەوە بەستراوەتەوە.

جێـی ئاماژەیـە كـە ئەنجومـەنی دادوەری لـە هـەرێمی كوردستان بـە ئەركی خۆی هەستاوە ولە ٢٠١١/٥/٥ دا بڕیـــاری دەســـتگیر كردنـــی تاوانبـارانی گشتاندن پـێ كـردووە و لەكـەمتر لـە یـەك مانگـدا هـەموو بنكـەكانی پـۆلیس ودادگاكـانی لێكۆڵینـەوەی هـەرێمی لـێ ئاگـادار كردوەتـەوە، وە بەرپرسانی پـۆلیس ئامـادەیی جـێ بـەجێ كردنـی ئـەو بڕیارانایان هەیە لـە كاتێكدا لەسـەرو خۆیانـــەوە رێگـــەیان پـــێ بـــدەن، لێـــرەوە لـــە ســـەرۆكایەتی هـــەرێم ودەزگـــا پەیوەنـــدی دارەكـــان خوازیـارین هەرچـی زووتـر بڕیـاری مێژوویی بە جورئەت بدەن ودەسـتی هێزەكـانی پـۆلیس والاّ بكـەن بـۆ دەستگیر كردنـی تاوانبـاران وهـەرێم وەك نموونەی جێ بەجێ كـاری یاسـا وبڕیارەكـانی دادگـا نیـشان بـدەن و دڵـی كـەس وكـاری قوربانیـان وزیـان لێكــــەوتوان وشــــكایەتكار وشـــایتحاڵەكانی كەیـــسی زنجـــیرە تاوانـەكانی ئـەنفالیش خـۆش بكـەن بــەوەی كــە داواكــەیان لــە دادگــا بـــەهاوكاری وپـــشتیوانی وبڕیـــاری ســـەرۆكایەتی هـــەرێم وبەشـــێوەیەكی دادپەروەرانە بەرێوەدەچێت.



مافپەروەر : نجم الدين حەمە سەعید




# كارەساتی ئەنفال و نەناسیی وەك جینۆساید و ئەركی هەنوكەیمان!!!



سەردار ستار

دیـارە نوسـین سـەبارەت بـە رووداو كارەسـاتێكی وەك ئـەنفال كـارێكی هـــەروا ئاســـان نییـــە، چـــونكە كارەسـاتێكی وەهـا ویـژدان هـەژێن، قـــسە لەســـەركردنی یـــان هـــەر جموجۆڵێـــــك لەوبارەیـــــەوە هەسـتیاریەكی زۆری دەوێـت، لـەلای خۆمـەوە هەوڵـەدەم ئـەو هەسـتیارە نیـشانبدەم. چـونكە هێـشتا لـەزۆر لایەنـەوە پێویـست دەكـات لەسـەر ئـەنفال بوەسـتین، لەبـەر ئـەوەی هێـشتا لـە ئاسـتی جیهـانی وەك جینۆســـاید نەناســـراوە، لـــەناوخۆ هێشتا ئەنفال لە پرۆگرامی خوێندنـدا جێناگرێـــــت، هـــــەمانكات وەك پێویـستیش لایەنـە مەعنەویەكـەی بەزیندو راناگیرێت، بۆ ئەمـەش بـوو دوو ســاڵ بــوو ســەرۆك وەزیرانــی رابـــردوو "بەرهـــەم ســـالح" رۆژی ئـــەنفالی كردبـــووە رۆژی ئاهـــەنگی بـــووك و زاوا، وەك ئـــەوەی خـــەڵكی دەڤەری ئەنفال تـەنها ئـەوەیان كـەم بێت !! بۆیە چۆن و بـەچ شـێوەیەك بتـوانین باجەكـەمان سـەبارەت بـەم كارەساتە نەتەوەیە بدەین پێویستە جارێكیتر بیری لـێ بكەینەوە؟

هەڵبەت تا ئێستا زۆر لەسـەر ئـەنفال نوسراوەو لەزۆر لایەنیشەوە شیكاری بـۆ كـراوە، بـەڵام چـەندی لەسـەری بنوسین هێشتا ناكا بە بلوزی منداڵێك یـان كراسـی دایكێـك یـان جامانـەی باوكێك یان پێڵاوی كوڕە گـەنجێكی ئەنفال. ئەوكات لەسـەر ئێمـە ئەركـە كە ئەو لایەنانەی كەم ماون تـەواویان بكەین، یان بەرەوپێشەوەیان ببین.

٢٤ سـاڵمان تێپەڕانـد و دەربـازی ٢٥ ساڵ ئەبین لەو كارەساتە جەرگبڕە، لـەدوای كۆمـەڵكوژی ئەرمەنیـەكان، گەورەترین كۆمەڵكوژیە لە رۆژهەڵاتی ناوین، هەمانكات لەدوای كۆمەڵكوژی زیـلان و هەڵەبجـە گـەورەترین و بـەئازارترین كارەسـاتە كـە كـورد رووبەڕووی بووبێتەوە.

هۆكـاری سـەرەكی كۆمـەڵكوژی و لەناوبردنی خەڵكی ئـەنفالكراو دیارە بـێ گومـان لـە ئەسـتۆی رژێمـی بەعسدایە بەبێ هیچ پاساوێك، لـەژێر هـیچ بیانوێكیـشدا ناتوانرێـت ئـەو رەوایەتیەی پێ بدرێت كە لەبـەر ئـەو هۆكارانـــە ئـــەو كـــردەوە دژە مرۆڤایەتیـەی ئەنجامـداوە. بـەڵام پێویستە هەڵـەی سیاسـی لایـەنی جولانەوەی كوردی ئەوكاتیش ببینین بـۆ دەسـت تێكڵاوكردنیـان لەگـەڵ هێزەكانی دەرەوە و بیانودانە دەست دوژمـن تـاكو هێرشـێكی بەوشـێوەیە هۆڤانەیـــە بكاتـــە ســـەر گەلـــە ســـتەمدیدەكەمان. جولانـــەوەی سیاســـی لەباشـوری كوردســـتان چـــەندین جـار گەلەكـەی كردۆتـــە قوربانی سیاسەتە هەڵەكانی، ئـەوا چ لە ساڵی ١٩٦١ دەستپێكردنی شەڕی چەكداری لە دژی عەبدولكەریم قاسم، هـەروەها لـە سـاڵی ١٩٧٥ كۆتـای هێنـان بـە جولانـەوە، هـەروەها ئـەو پەیوەندیـەی ساڵانی ١٩٨٢ لەگـەڵ رژێمـی ئێـران كـەبووە بیـانو بـۆ ئەنفالی بارزانیەكان، هەمانكات ساڵی ١٩٨٨ دیسان لەگـەڵ رژێمـی ئێـران ئـەو ئەنجامانـەی لـە كیمیابـاران و ئـەنفالی لـێ كەوتـەوە. بۆیە جارێـك پێویـستە بەرپرســە سیاســیەكانی ئـەوكاتی جولانـەوەی سیاسی كـورد كـە ئەمڕۆكـەش دەسـەڵاتی ولاّتـن، پێویستە رەخنەدانێك لەبەرامبەر ئەو سیاســەتە هەڵانــەیان بــدەن، تــاكو چیتر گەلەكـەیان رادەسـتی بێگانـە نەكـەن و بەقـسەی ئـەوان بڕیـار نــەدەن، چــونكە نــاكرێ هەڵــەی سیاسەتی خۆمان لەو كاتە یان لە رووداوە كارەسات ئامێزەكانی ساڵی ١٩٨٨ نـەبینین. كاتێك باسی ئەمـە ئەكەین مانـای ئەوەنییـە مانـدوبونو سەختی ساڵانی هەشتاو تێكۆشـانی پێشمەرگەو خەڵكی دەڤەری گەرمیان نەبینین.

لەماوەی ئەو ٢٢ ساڵەی رابردوو كە بەشێكی زۆر لە دەڤەری ئەنفال لەژێر دەسـەڵاتی كـورد دایـە، بـەڵام ئـەو خزمەتـەی كـەبۆ دەڤـەری ئـەنفال كـراوە دڵۆپێكـە لـەو دەریایـە لـە قوربـانی. بۆیـە پێویـستە دەسـەڵات وەك یەكەم پاشان تەواوی رێكخراو و رۆشنبیران و لایەنە سیاسیەكان بزانن كە كەمتەرخەمبووینـە بەرامبـەر ئـەو كۆمەڵكوژیـە زینـدوە. دەبـێ بـزانین هاوڵاتیانی پاشماوەی ئەنفالیش وەك تەواوی خەڵكی كوردستان لە ناو بێ خزمەتی، یان لەناو هەندێك خزمـەتی تەقلیدا ئەتوێنەوە.

لـەو سـاڵەی رابـردوو دەرفـەتم بـۆ دروسـتبوو چـەند جارێـك سـەردانی زۆرینـەی دەڤـەری گـەرمیان بكـەم و لەنزیكـەوە گـوێم لـە ئازارەكـانی ئێستایان و چیرۆكەكانی رابردوویان بـوو، خـەیاڵی منداڵەكانیـشم بـینی، هێشتا تابلۆكانیان وێنـەی چۆنیـەتی هێرشـــی دوژمـــن و لـــەناوبردنی كەسوكاریانە. لەگەڵ ئەوەی لە كاتی ئەنجامدانی كۆنفرانسی هاوڵاتی ئازاد و یەكـسانی دەڤـەری گـەرمیانیش ئامـادەبووم، بـەو هۆكارەشـەوە لـە مەندەلیـەوە تـاكو دووزخورمـاتوو زۆربـەی شـوێنەكان گـەڕام، ئـەوەی لەهـەموویان بـەئازارتربوو هـەرجارێك كـە بـە ناوچـەی رزگـاری"سمـود" دەهـاتم و دەچـووم كـە ناوەنـدی پرۆسەی ئەنفال بووە. بۆیە پێویستە هـەموومان نزیكایـەتی و هەڵوێـستی كەمتەرخـەمی خۆمـان بەرچـاو دەربازبكـەین، تـاكو بتـوانین بەهەمووومان خزمـەتێكی شایستە بـە دەڤـەری ئـەنفال و خـەڵكی ئـەنفال و پاشماوەی ئەنفال بكەین.

لەكوردســتان هێــشتا ئــەنفال بەردەوامە، بەتایبەت هـەردوو رژێمـی توركیـاو ئێران رۆژانـە خـەڵكی ئێمـە ئـەنفال ئەكـەن، راسـتە ١٨٢ هـەزار مـرۆڤ نـین ئەوانـەی ئەكەونـە بـەر پـەلامارە نامرۆڤانـەكانیان، بـەڵام دەبـێ ئـەوە بـزانین لـە سـەردەمی ئێستا كە تـا ئـەو رادەیـە تـەكنیك و تەكنەلۆژیاو راگەیاندن پێشكەوتووەو بزووتنەوەی كوردی لە ئاستێكی وا بەرز دایە، كوشتنی یەك مرۆڤی كورد وەك ئـەنفال وایـە، بـەڵام نەتـەنها مرۆڤێـك بـەڵكو بەچـاوی خۆمـان ئـەبینین هـەردوو دەوڵـەتی داگیركـەر رۆژنیە رۆڵەی ئێمـە شـەهید نەخـەن. سـێدارەكان و هێرشـەكانی هـاوینی پـاری ئێرانمـان لەبیرنەچـووە، هـەروەها نـزكترین ئەنفالـەكانی توركیاشمان لـە ربۆسكی و گـەلیێ تیارێ و ئەوەی هەرە دوایش شـەهید كردنـی ٢٠ كـچە گـەریلای كـورد لـە مـاوەی یـەك دوو رۆژدا سـەلمێنەری قسەكانمانە.

شایستەترین هەڵوێـست بـۆ دەڤـەری ئەنفال باوەڕ ئەكەم پێویستە خەڵكی ئـەو دەڤـەرە بـۆ خۆیـان بڕیـاری لـێ بـدەن، بـۆ ئەمـەش پێـشنیار ئەكـەم هـەر سـاڵ كۆنگرەیـێك لـە دەڤەرەكـە سازبكرێت لـە سـەر كـەموكوڕەكان و ئەركـەكانی قۆنـاخ، ئـەم كۆنگرەیـە هـــەموو لایـــەك ئەركـــداربكات بـــۆ خزمـەتكردنی دەڤەرەكـە. هـەروەها لایەنە كوردستانیەكان بەزوترین كات كۆنفرانسی نەتەوەیی ئەنجامبدەن و لـــەوێش ئەركـــەكان دیـــاری بكـــرێن ســـەبارەت بـــە كۆمـــەڵكوژی و جینۆسـایدەكانی سـەر گەلەكـەمان. لەگـەڵ ئـەوەش رێگـری بكرێـت لـە هـــەموو ئـــەو لایەنـــە سیاســـیانەی كارەساتی ئـەنفال دەكەنـە ماتریـاڵی سیاسەت لەسەر كردن، لەگەڵ هەموو ئــــەو پێــــشنیارانەی كۆمــــسیۆنی كاروباری ئەنفالی جولانەوەی هاوڵاتی ئازاد و یەكسانی دەڤـەری گـەرمیان، لەگەڵ پێشنیارەكانی رێكخراوی چاك و تــەواوی رێكخــراو كۆمەڵــەكانی تایبەت بە پرسی ئەنفال. ئەو هەوڵانە وا ئەكەن بتوانین لە ئاستی جیهانیـدا ئــەنفال بــە جینۆســاید بناســێنین، هـەمانكات لـە كوردسـتانیش كۆتـایی بە ئەنفال بهێنین، ئەوكات ویژدانمان كەمێك ئاسودە ئەبێت.

# دەسەڵاتی کوردی سەرکەوتو نەبوو جینۆساید بکاتە چەکێکی سیاسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی

## (کەیسی ئەنفال بەنموونە )



د.سالار باسیرە

**ئەنفال دۆسیەیەکی سیاسی و یاسایی گرنگە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی**

ئەنفال دۆسیەیەکی سیاسی و یاسایی گەورە و گرنگە بەدەست کوردەوە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی. پێویستە بچێتە ناو کتێب و بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکانەوە و هەروەها دامەزراندنی چەندین سەنتەری لێکۆلینەوە بۆ بواری جینۆساید، کە ئەنفالیش دەگرێتە خۆی. بۆ چارەسەری وێرانبوەکان دەبوایە چەندین سەنتەری چارەسەری دەرونی و رۆحی لەناوچەکانی ئەنفالدا دروستبکرانایە. بەپێی توانای سەردەم مۆزەخانەی تایبەت بۆ کارەساتی ئەنفال بکرێتەوە، کە نەوەکانی داهاتووش هەمیشە ئەم کارەسات و تراژیدیا مێژوییەیان لەبەرچاو بێت و نیشانی میوانانی بیانی و راگەیاندنە نێودەولەتیەکانیش بدرێت. هەروەك ئەوەی کە یەهودیەکان بۆ مێژووی خۆیان دەیکەن سەبارەت بەو چەند ملیۆن مرۆڤەی، کە بەو شێوە درندانەیە روبەرووی جینۆسایدکردن بوونەوە لەلایەن نازیەکانەوە. دەسەلاتی سیاسی هەرێم نەیتوانی کار بۆ بەدامودەزگاکردنی تراژیدیای ئەنفال وکیمیاباران، بەواتا جینۆساید بکات. هەتا ئەمرۆکە خاوەن پرۆژەیەك نیە بۆ بەنێودەولەتی کردنی کەیسی جینۆساید. لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆلینەوەیەکی مەیدانیی خۆم لە گەرمیان شوێنێکمان لە قۆرەتوو لەتەنیشت سەربازگەیەك دۆزیەوە، کە بەسەدان مرۆڤی کورد لەژن و منداڵ و پیر و گەنج تێیدا ئەنفال کرابوون. بەشێك لە جلوبەرگ و ئێسك و نەعل و پێلاوەکانیانمان بەفەردە کۆکردەوە کەچی وەزیری ئەنفال و ماف مرۆڤ و ئاوارە و کوردە فەیلیەکان و...تاد ناوی وەزارەتەکە ئەوەبوو ئەوەی ئەوکاتەی حکومەتەکەی سلێمانی لەسەر ئاستی فەرمی بە دۆکومێنتیان نەکراو سەردانی شوێنەکەیان نەکرد. پارەیەکی زۆر خەرجکرا بۆ ئەنجامدانی ئامارێك لەسەر ژمارەی قوربانیانی ئەنفال. کوا ئەنجامی ئامارەکە بۆ ئەوەی بتوانرێت کاری پێبکرێت؟ دەسەلاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان سەرکەوتو نەبووە جینۆساید بەرامبەر بە گەلەکەی وەك چەکێکی سیاسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەکار بهێنێت، تەنانەت لەسەر ئاستی نیشتمانییش سەرکەوتنی پێویستی بە دەستنەهێناوە. داوا دەکەم دوو حیزبەکە بە تایبەت و ئەوانەی تر بە گشتی هەلسەنگاندنیکی ئەو چەند سالەی ژیانی سیاسییان بکەن چییام ئەنجدامداوە سەبارەت بە کەیسی جینۆساید لەسەر ئاستی نێوخۆ و عێراق و نێودەولەتی.

**جینۆساید لەیاساکانی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان**

جینۆساید وشەیەکی لاتینیە، لەزمانی یاسادا بەکاردەهێنرێ و بەواتای گەل کوژی دێت. لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆرتانەی سەبارەت بە جینۆسایدکردن لەلایەن رژێمی نازیەوە بە تایبەت بەرامبەر بە یەهودیەکان، کە بەهۆلۆکۆس ناسراوە، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسالی١٩٤٨ بریارێکی دەرکرد سەبارەت بە رێگەنەدان و سزادان بۆ ئەنجامدانی گەلکوژی (جینۆساید). لە یاساکانی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، کە لە ١٩٤٨/١٢/٩ تۆمارکراوە و لەبریاری ٢٦٠ پەسەندکراوە و لە ١٩٥١/١/١٢ بوە بەیاسا، جینۆساید لەگشت خالّەکانیدا پێناسەکراوە، کە بە ئامانجی وێرانکردنی سەرجەم یان بەشێکی نەتەوەیەك، کەمایەتیەك، رەگەزێك یان گروپێکی کۆمەلایەتی و ئاینی ئەنجام بدرێت. لەناوبردنی عەمدی و نەخشەکێشراو بەرامبەر بەگەلێك، و گروپە کۆمەلایەتیەکان. جینۆساید بە زۆر و کەمی ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ، کە ئەو کۆمەڵ کوژە گوناهبار بکرێ بە کرداری کۆمەل کوژی. جینۆساید دەکرێ ئەنجام بدرێ بێئەوەی تەنیا یەك مرۆڤیش تێیدا بکوژرێت. ئەوە بەجینۆساید (گەل کوژی) دادەنرێت، کە ئامانجەکە لەوەدا بێت گروپێکی کۆمەڵایەتی یان بەشێکی گەل و کۆمەڵەکە وێران بکرێ بە مەرجەکانی جینۆساید کردن. لێرەدا جینۆسایدی کەلتوری و ئابوریش هەیە.

**ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو**

ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو. بوومەلەرزە و بورکان و نەخۆشی تاعون و لافاو، و ئاگر نەبوو، بەلکو بەری سیاسەتێکی نەخشەکێشراوی عەمدی و سیستێماتیك بوو بۆ قرکردنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد لەسەر خاکی خۆی لە لایەن کۆمەلێك درندەی بەناو مرۆڤەوە. لەکاتی وتووێژکردنم لەگەلیاندا قوربانیەکانی ئەنفال زۆربەی کات چاویان دەبریە دەرگای دەرەوەی مالەوە و هەر لە چاوەروانی ئەوەدابوون بێسەروشوێنەکانیان بگەرێنەوە. گلەیی و تورەیی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زۆرن. کوژراوەکان چیتر ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن هەربۆیە دەبێت ئەرکی زیندوەکان بێت، ئەرکی کەس و هێز و لایەنە مرۆڤ دۆست و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و خاوەن ویژدان بێت، بەر لە هەمووی ئەرکی دەسەلاتە ئەم مافە بسێنێت. هەر یەکێك لەم خیزانانە مێژویەکی خۆی هەیە، هەموشی مێژوی کوێرەوەری و تراژیدیا و خەمە. هەموو رۆژێکیان مردنێکە، هەموو رۆژێکیان ئەنفال کردنێکە، ئەنفالی جەستە و رۆحە. پشتگوێ خستنیشیان هەر ئەنفال کردنە. پەیمانی هەرچیەکیشیان پێبدرێ پێشتر نەکرێتە پرۆپاگاندەی سیاسی و حیزبی و هەلبژاردن ، یان ئەو پەیمانانەی، کە باجیان لەسەر نیە دواتر تەنیا لەسەر کاغەز بمێننەوە. هەر شتێکیشیان بۆ بکرێ منەتی تێدا نیە و ماف و مولکی قوربانیەکان خۆیانە. ئەنجامە خراپەکانی ئەنفال جگە لە تێکچوونی باری رۆحی بەشێکی بەرچاوی کۆمەلگای کوردی، تێکچوونی سەقامگیری کۆمەلایەتی و کەسایەتی مرۆڤەکانیشی لێدەکەوێتەوە، هیچ سامانێکی مادیی ناتوانێت کوژراوێکی ئەنفال بگێرێتەوە، یان رۆحی وێرانبووی کەسوکارێکی ئەنفالکراو بکرێتەوە.

**ئەنفال تەنانەت بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی**

ئەنفال تەنانەت بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی. جیاوازی لە نێوان پرۆسەی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجەو کیمیاباران لەوەدایە، کە ئەنفال دەبێت وەك پرۆسەیەك تێبگەین، کە ئامانجی قرکردنی (جینۆسایدکردنی) گەلێکی مەبەست بووە، کە پێشتر پلانکراوبووە. هەمان ئەو شتەی کە نازیەکان بەرامبەر بە گەلی یەهود ئەنجامیاندا. بەپێی یاسا نێودەولەتیەکان ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال وەك جینۆساید دەبینرێ هەربۆیە دەشبێت لەسەرئاستی نێودەولەتی وەك جینۆساید ددانی پێدابنرێت بەتایبەت، کە ئێستا دادگای بالای تاوانەکان لە عێراق ئەنفالی وەك جینۆساید ددان پێداناوە. ئەوە چیتر ئەرکی دەسەلاتی کوردیە کار بەو بریارە بالا فەرمی و یاساییە بکات، ئەوەی کە هەتا ئێستا نەیکردووە.

**(بینیم کەسوکاری قوربانیان ئەوەی دوای ئەنفال هەیانە کەمە بۆ ژیان بەلام زۆرە بۆ مردن)**

ئایا جگە لە کەسوکار و زیندوەکانی دوای شالاوی ئەنفال کێ دەتوانێت لەناخەوە لە ئازاریان تێبگات؟ ئەنفال بەتەنیا قوربانیان و کەسوکاری ئەنفال ناگرێتەوە، بەلکو تەحەدایە بۆ سەر کەرامەتی سەرجەم نەتەوەیەك. ئەمیش هەروەك کارەساتی کیمیاباران کێشەیەکی نەتەوەییە. مرۆڤ نابێت هەست بە ئازارێك بکات، کە تەنیا خۆی بگرێتەوە. دەکرێ هەموو یەکێك لە ئێمە لە شوێنیان بوینایە، چونکە کوردین. مرۆڤ دەست بەچاوی خۆیەوە نەگرێت وبلێت ئەم شتە پەیوەندی بە منەوە نیە و خۆمن خاوەنی ئەنفالکراو نیم ، یان گوێی خۆی لێ کپبکات وبلێت من لە کیمیاباران دووربووم، یان سەری خۆی کز بگرێت وبلێت هەموو ئەمانە هیچ پەیوەندیەکی بە منەوە نیە. بە تەنیا ئەوانە تۆمەتبار نین، کە زولموزۆریان کردوە بەلکو ئەوانەش تۆمەتبارن کە بێهەلوێستن بەرامبەر بەزولموزۆر. بێدەنگی زۆربەی کات بەواتای رەزامەندی دەبەخشێت. ئەنفال وشەیەکە سالانێکی زۆر بوو بەکارم دەهێنا بەلام هەتا بەقولیی نەچومە ناویان هەستم بە ئازاریان نەکرد، هەرچەندە ئەم ئازارەی من رێژەییە و تەنیا خۆیان دەتوانن هەستی تەواو بە ئازاری ناخ بکەن. زۆرجاریش تەنیا لە مردندا پشووی ناخیان دەدۆزنەوە.

**یەهودیەکان بەکۆماندۆی تایبەت لەجیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەران**

سەبارەت بەکوشتنی بەکۆمەلی یەهودیەکان لەلایەن نازیەکانی ئەلمانەوە بەدەیان فیلم و راپۆرتی دۆکیومێنتاری و شانۆو رۆمان وکۆنفرەنسی نێودەولەتیشسی بەخۆوە گرتوە. یەهودیەکان منداڵەکانیان و نەوەی نوێ بەشێوەیەك پەروەردە دەکەن هەروەك ئەم کارەساتە ئەمرۆکە رووی دابێت. بە کۆماندۆی تایبەت لە ولاتەکانی جیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەران و زۆریان لێدۆزینەوەو هێنرانەوە بۆ ئیسرائیل وکردیانن بەعیبرەت بۆمێژوو.

**کەیسی جینۆساید و دەسەلاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان**

کەسوکاری ئەنفال کراوەکان بێدەسەلات و بێدەرامەت و زۆربەی نەخوێندەوار و بێهێزن و چاوەرێی رۆژانی گەردەلولی تۆلەسەندنەوەن، ئەوەی پەیوەندی بە سەرجەم گەلەوە هەیە. کەچی لەم ولاتەی ئێمەدا موستەشارە کۆمەلکوژەکان وئەنفالچیەکان و جاشە ناسراوەکان وخاوەن مەلەفەکان و داواکراوەکان بە بەرچاوی هەموانەوە ئازادن و بگرە بونەتە خاوەن مولك ومال و پۆست وپایەو پلە لە سیاسەت و لە دەزگا سەربازیەکانیشدا. بە بەر چاوی خەلکیی و قوربانیەکانەوە دەسورێنەوە. ئەوە ئەرکی زیندوەکانە ماف کوژراوەکان بسێنێت. جینۆساید پێویستە لە قوتابخانەکان و زانکۆکانی کوردستان بکرێنە بابەتی خوێندن ئەوەی، کە لەم ٢١ سالەی فەرمانرەوایی دەسەلاتی کوردیدا نەکراوە. جگە لەوە بابەتەکە پێویستی بە سەنتەری توێژینەوەی زانستیی راستەقینە و مۆزەخانە هەیە. هەموو ئەمانە وەك پێویست ئەنجام نەدراوە. لێرە و لەوێ لەم جۆرە سەنتەرە هەیە بەلام حیزبی و بێبەرهەمە، زۆرێکیش هەن پارەی پێپەیدا دەکەن. چەند تەنێك لە بەلگەنامەکانی سەردەمی بەعس هەن، کە لە چنگی حیزبە کوردیەکانی هەرێمدایە و وەك مولکی شەخسیی مامەلەی پێوە دەکەن بێئەوەی بەکار بهێنرێن. ئەوە دەبێت کاری ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت، ئەوەی لەم هەرێمە بوونی نیەن بەلام لەبری ئەوە ئاسایشی حیزب و سەرۆك هەیە. زیاتر لە سێ سالە دادگای بالای تاوانەکان لە عێراق لە بریارێکیدا ژمارە (رس/١٠/٨٣) بەرواری ١,٨,٢٠١٠ داوا لە دەسەلاتی کوردی دەکات ٢٥٨ کەس دەستبەسەر بکەن، کە بەشداربوون لە جینۆسایدکردنی گەلەکەیان و لە کوردستانن و هێشتا بەئازادی دەسورێنەوە. هەندێك لەوانە رێگای چوونە دەرەوەیان پێدراو ئێستا لە دەرەوەی عێراقن. بەشێك لەو تۆمەتبارانە لەلایەن دوو حیزبە دەسەلاتدارەکە دەپارێزرێن. هەندێك لەوانە پۆستی سیاسی و سەربازیشییان هەیە. کەواتە جەلادەکان بەبەرچاوی قوربانیەکاندا بە ئازادی دەسورێنەوە. دەسەلاتی دادوەری هیچ رۆلێك نابینێت تێیدا چونکە سەربەخۆ نییە. هیچی لە جەریمەی جینۆسایدکردن کەمتر نیە ئەگەر سەرۆك کۆمارێك، کە سەرۆکی حیزبێکی سیاسی دەسەلاتدار بێت و فرۆکەوانێکی بەعسی کۆمەلکوژی هەلەبجە ئازاد بکات ئیتر بە هەر بیانویەك بێت هەقوایە بخرێتە قەفەسی تۆمەتبارانەوە و بدرێتە دادگا. لیستێکی ئەم تاوانبارانەم لا هەیە، کە ژمارەیان بریتیە لە ٢٦٩ کەس. ژمارەی دۆسیەکانی کەیسی ئەنفال لەلایەن دادگای بالای تاوانەکان لە بەغدا بریتیە لە ٤٣ و لە ٨٥٠٠ لاپەرە پێکهاتوە. دادگای بالای تاوانەکان لە عێراق چوار کەیسی وەك جینۆساید ددانپێداناوە، کە بریتین لە: کەیسی (ئەنفال، کیمیاباران، کوردە فەیلیەکان و بارزانیەکان). کەواتە لێرەدا کەرەسەی گرنگ بەدەست کوردەوەیە جینۆساید بکاتە کەیسێکی نێودەولەتی. لەسەر ئاستی پەرلەمان و یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کاری پێبکرێت. دەسەلاتی کوردی پێویستە کار لەسەر پرۆژە بکات بۆ بە نێودەولەتی کردنی ئەم کەیسە بەتایبەت لەلایەن وەزارەتی ئەنفال و شەهیدان. نابێت رێگا بدرێت بەوەی دۆسیەی ئەنفال، ئەنفال بکرێت.

**(بەپێی دەستوری عێراق هەرێمی کوردستان بۆی هەیە لەبالێۆزخانەکانی عێراق نوسینگە بکاتەوە بەلام نایکاتەوە)**

بەپێی دەستوری عێراق هەرێمی کوردستان بۆی هەیە لەبالێۆزخانەکان و کۆنوسولگەریەکانی عێراق لەدەرەوە نوسینگە بکاتەوە. بوونی ئەم نوسینگانە کاریگەریەکی گەورەتری دەبێت بۆ کورد. لەبری ئەوە هەردوو حیزبە گەورەکە نوێنەری خۆیان لەدەرەوەی ئەم دەزگا دبلۆماسیانە داناوە، کە لەراستیدا نوێنەرایەتی تەنیا حیزب و سەرۆك دەکەن. کۆمەلە کارێك بۆ بەرپرسەکان وحیزب دەکەن، کە ناتوانن لەناو بالێۆزخانەکاندا بیکەن، کەواتە ئەم کردارە دوورە لەکاری موئەسەساتیەوە. دەولەتەکان بێگومان بەشێوازێکی تر مامەلە لەگەل ئەم دەزگا دبلۆماسیانەی وەك بالێۆزخانە و کۆنسولگەریەکان دەکەن وەك لەگەل نوێنەری حیزبێکی بێدەولەت. کورد دەتوانێت بەم رێگایەوە لەبواری جینۆسایدناساندن وکەلتورو فەرهەنگ و خوێندنی بالاو پەیوەندیە دبلۆماسیەکاندا بەپێی دەستور چالاك بێت. بەلام بەبوونی ئەم نوێنەرایەتیە لەم دەزگا عێراقیە رەسمیانەدا کورد دەبێت دەست لەنوێنەرە حیزبیەکانی خۆی هەلبگرێت.

**سەرنج: نوسەر لە ناوەراستی نەوەدەکاندا لە ناوچەکانی گەرمیان لێکۆلینەوەی مەیدانی سەبارەت بەتراژیدیای ئەنفال ئەنجامداوە و لە پال ناملیکەیەکدا بەناوی هەلەبجە و ئەنفال، دوو دیوی یەك سیاسەتی جینۆساید، تراژیدیای ئەنفالی بەڤیدیۆش بە دۆکومێنت کردوە و لە کەنالەکانی میدیاکان نیشان دراوە.**




# فۆتۆستۆری گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەمرین


















خاوەنی ئیمتیاز
عەلی مەحمود

سەرنووسەر
زایر زەنگەنە
٠٧٧٠١٩٩٥٩٠٦
Zangana_z@yahoo.co.uk

بەڕێوەبەری نووسین
هێمن حەسیب
٠٧٧٠١٢٠٦٩١٢
hemin_h٨٧@yahoo.com

دەستەی نووسەران
سۆران مامە حەمە (فەخری)
دیمەن محەمەد نوری
حەمە سەعید زەنگنە
حەمزە قاسم

نەخشەسازیی
ئەنجام سەعید